# کاریگەریی هۆکارە ئابوورییەکان لەسەر کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان-عێراق (توێژینەوەیەکی شیکارییە)

**ID No. 961**

(PP 152 - 169)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.5.9

**فەهمی موحەممەد عەلی عەبدوڵلا**
بەشی دارایی و بانک، کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
Fahmy.abdullah@su.edu.krd

**گەیلان ئەحمەد جەمیل**
بەشی ئابووری، کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
gailan.gamil@su.edu.krd

**ئیدریس سولەیمان عەبدوڵلا**
بەشی ئابووری، کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
Idrees.abdullah@su.edu.krd

**وەگـــــرتن: 2023/01/29**
**پەسندکردن: 2023/03/08**
**بڵاوکردنەوە: 2023/10/15**

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە شیکارێکی زانستی بۆ کاریگەری هۆکارە ئابوورییەکان دەکات لەسەر بەردەوامیی ململانێکان لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر کاریگەری هۆکارە ئابوورییەکان لەسەر بەردەوامبوونی ئەم کێشانەی لە نێوان کورد و حکومەتەکانی عیراق، لەسەر ئەو ناوچانە سەرەڕای هۆکارە نەتەوەیی و سیاسیەکان کە بەردەوام جەختیان لەسەر کراوە.

ئەم توێژینەوەیە تێڕوانینێکی بەنرخ بۆ داڕێژەرانی سیاسەت و توێژەران دەڕەخسێنێت، کە هەوڵی تێگەیشتن لە ڕەگ و ڕیشەی ململانێکان لە ناوچە کوردنشینەکان دەدەن و ڕێگەچارەی ئەگەری بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان و بەرەوپێشبردنی گەشەسەندنی ئابووری لە ناوچەکەدا پێشنیار دەکات، کە هۆکارە ئابوورییەکان بە هەند وەربگرن چونکە کاریگەریان کەمتر نیە لە هۆکارە نەتەوەیی و سیاسیەکان.

لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە هۆکارە ئابوورییەکان وەک هەبوونی کێڵگە نەوتیەکان و هەبوونی ڕێژەیەکی زۆری یەدەگی نەوتی و گازی سروشتی لەو ناوچانە وناوچەیەکی فراوانی بەپیتی زەوی کشتوکاڵی و سەرچاوەی ئاوی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر بەردەوامیی ململانێکان هەیە. هەروەها کۆنترۆڵکردنی سامانە نەوتییەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە لە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا چڕبوونەتەوە، و بوونەتە هۆی دابەشکردنی نایەکسانی سامان و داهاتی وڵات و سنووردارکردنی دەرفەتی گەشەی ئابوری بۆ دانیشتوانی کورد، ئەم هۆکارە ئابووریانەش بوونەتە سووتەمەنی ئاگری ناکۆکیەکە.

**وشەی سەرەکی:** حکومەتی هەرێمی کوردستان، ناوچە کوردستانییەکان، ململانێ، هۆکارە ئابوورییەکان، سەرچاوە نەوتییەکان، دابەشکردنی نایەکسان.

## ١. پێشەکی

دەستەواژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەم توێژینەوەیەدا پەیوەستە بە بوونی ململانێ لەنێوان ئیدارەی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکانی عێراقەوە.

سەرەتای ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی خواستەکانی کورد بۆ دیاریکردنی سنووری باشووری کوردستان و مافە نەتەوەییەکانی لە کۆماری نوێی عێراق، ئیدی بەچەند وێستگەیەکی شۆڕشی چەکداری و دانوستان و ڕێککەوتندا تێدەپەڕێت، تاوەکو لە ڕاگەیەنراوی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا باشووری کوردستان وەکو ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی دانی پێدادەنرێت، بەڵام کێشە سنوورییەکان لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەکە درێژەیان دەبێت تاوەکو جارێکی دیکە پرسەکە دەبێتە فاکتەری سەرەکی ناکۆکییەکانی کورد و حکومەتەکانی عێراق، لەم میانەدا ئەزموونی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی لە عێراق زۆرترین زەمینەی دابڕانی ناوچەکە لە سیاسەتەکانی بە عەرەبکردن، ڕاگواستن، پاکتاوی نەتەوەیی دەڕەخسێنێت.

قۆناغێکی تری ململانێکان لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستان، لە پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ی خەڵکی باشووری کوردستان دەستپێدەکات، لەم قۆناغەدا پاش دروستبوونی ناوچەی ئارام (دژەفرین) بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیتر لە هەمان ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ئەزموونێکی نوێ لە ئیدارەی ناوچەکە بەناوی هەرێمی

کوردستانی عێراق لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دادەمەزرێت، دیسانەوە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەکە وەک ناوچەیەکی جێناکۆک لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا درێژەی دەبێت.

پاش ڕوخانی دەستەڵاتی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی لە ساڵی ٢٠٠٣دا، قۆناغێکی دیکە لە ململانێی مەزهەبی و نەتەوەیی، هەرێمی و نێونەتەوەیی لەسەر پرسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان سەرهەڵدەدات، لەم قۆناغەدا یەکلاکردنەوەی پرسەکە دەخزێتە نێو ململانێکانی یاسا و دەستوور و سیاسەتەوە.

سەرەکیترین پرس لەم نێوەندە پەیوەستە بە لایەنی نەتەوەیی و ئابووری ئەو ناوچەیە و پرسی سنوورێک کە زەمینێکی دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئابووری (سامانی ژێرزەوی وسەرزەوی) و یەکێک لە سەرەکیترین سەرچاوەکانی وزەی جیهان، ئەمە بووەتە زەمینەی بایەخ و چاوتێبرینی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق و نێودەوڵەتی و هەرێمی و بەلاڕێدابردنی تێکڕای بەها و بەندە یاساییەکانی پەیوەست بە ڕەوایەتی مێژوویی و جوگرافی نەتەوەیەکی بندەست، ساڵەهایە ئەم ناکۆکییە نەریتێکی ستەمکار و سیستەمێکی سیاسیی بێ پرەنسیپ و بێ پەیامی نیشتیمانسازیی ئاڕاستەی کردووە، کە لە دەستپێکی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە، بەریتانیا پاڵنەرێک بوو تاوەکو کۆمەڵەی نەتەوەکانی کردە پردی گواستنەوەی کێشەکە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لێکهەڵوەشاوەوە بۆ عێراقێکی بە ناچاریی دامەزرێنراو.

ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای دیاریکردن و شیکردنەوەی هۆکارە ئابووریەکان تیشکێکی خێرا دەخاتە سەر تێکڕای قۆناغە هەستیارەکانی مێژووی هاوچەرخی عێراق، کە لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دەستپێدەکات، واتە لە دەستپێکی دنیابینی کۆماری عێراقەوە، تاوەکو دواین ئەزموونی مامەڵەی دەستووری هەمیشەیی ٢٠٠٥ و هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١٠. چوارچێوەی قۆناغەکانی کاری توێژینەوەکە تاوەکو ٢٠٢٠ درێژدەبێتەوە.

**گرنگی توێژینەوە:**

لە ڕێگای ئەم توێژینەوە ئەوە ڕووندەکرێتەوە کە هۆکارە ئابووریەکان تا چەند کاریگەریان هەبووە لەسەر درووست بوون یان بەردەوام بوونی کێشەکانی نێوان کورد و حکومەتەکانی عیراق، لە هەمان کاتدا ئەوەش ڕووندەکرێتەوە سەرەڕای بابەتی نەتەوەیی و کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد بە مەبەستی سیاسی هۆکاری ئابووریش کاریگەری و بوونی هەبووە لەسەر دەرکردن و داگیرکردنی ئەو ناوچانەی کوردستانین و هاوتەریبن لەگەڵ سنوورەکانی ناوچە عەرەبەکان ( ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان).

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجەی ئەم توێژینەوە گەیشتنە بە سەلماندنی ئەوەی کە جگە لە هۆکاری نەتەوەیی و سیاسی و پاکتاوی نەتەوەیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هۆکارە ئابووریەکانیش کاریگەری سەرەکیان هەبووە لەم کێشەیە و بەردەوام بونی.

**گرفتی توێژینەوە:**

سەرەڕای هۆکارە نەتەوەیی و سیاسیەکان ئایا هۆکارە ئابووریەکان ڕۆڵیان هەبووە لەسەر بەردەوامی کێشەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و بەردەوامبوونی ئەو کێشانە تاوەکو ئێستا؟

**گریمانی توێژینەوە:**

هۆکارە ئابووریەکان بە یەکێک لە سەرەکیترین ئەو هۆکارانە هەژمار دەکرێن لە دروستبوونی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، کە حکومەتەکانی عیراق ئەنجامی داوە، هەر ئەم هۆکارانەش بەشێکن لە بەردەوام بوون و پێکنەهاتنی نوێنەرانی کورد و حکومەتەکانی عیراق.

**سنووری توێژینەوە:**

- سنووری شوێنی: ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان (کەرکوک، موسڵ، دیالە)
- سنووری ماوەیی: ١٩٥٨-٢٠٢١

**٢. سنووری جوگرافی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە مێژووی وڵاتی عیراق.**

لە بەڵگە جوگرافییەکانی لیژنەی پێکهێنراوی کۆمەڵەی گەلان بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە نێوان تورکیا و بەریتانیادا، زۆربەیان پشتڕاستی ئەوەیانکردووەتەوە، کە سنووری باشووری (باشووری کوردستان)، چیاکانی حەمرین و مەکحول دەگرێتەوە. لەبەرئەوەی لە سەر هێڵێکی راست و بەردەوامن، بە باشترین سنووری سروستی دادەنرێن (کۆمەڵەی گەلان، 2021، ل76). جگە لە بەڵگەکانی لیژنەی پەیوەست بە یەکلاکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ، کە بەڵگەکانی تورکیا و بەریتانیایان سەبارەت

بە خاوەندارییەتی ویلایەتی موسڵ وەرگرتبوو، هاوکات لیژنەکە بۆ خستنەڕووی ئەنجامێکی دروست گەڕایەوە بۆ مێژوونووس و جوگرافیناسەکانی کۆنی عەرەب، هەروەها سوودیان لە ژمارەیەک نەخشەی عەرەبی و سەدان نەخشەی سەردەمی سەدەی شازدە تاوەکو سەدەی بیستەم وەرگرت. جیا لەوانەش هەموو کتێبەکانی خوێندن کە بەزمانی عەرەبی نوسرابوون شەنوکەوکران، دواجار لیژنەکە گەیشتنە ئەم (حسین، 1999، ل108) بڕیارانە:

١. سێ ناوچە ناسراون: عێراقی عەرەبی، جەزیرە، کوردستان.[1]

٢. عێراقی عەرەبی: لە باکوورەوە سنوورەکەی لە هیت و تکریت و زنجیرە چیاکانی حەمرین تێناپەڕێت.

٣. بە هیچ جۆرێک ویلایەتی موسڵ بەشێک نییە لە ئەنادۆڵ، بەڵکو کوردستانی ڕۆژئاوا و سوریا دەکەونە نێوانیانەوە.

هەروەها تەواوی بەڵگەکانی ڕاپۆرتی تورکیا جەخت لەوەدەکەنەوە سنووری ویلایەتی موسڵ لە رووی تایبەتمەندی (جوگرافیی، جیۆلۆجی، کەش و هەوا) وە جیاوازە و ناوچەکە بەگشتی پەیوەستی سیستەمێکی شاخاوییە. هەر لە هێڵی (تکریت ـ کفری)یەوە بە ئاشکرا جیاوازییەکان دەبینرێن (کۆمەڵەی گەلان، 2021، ل78). تەنانەت تورکیا بۆخۆی بە سوود وەرگرتن لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانی و فەرەنسیی، سەلماندبووی، کە ویلایەتی موسڵ بەشێک نییە لە خاکی نیشتەجێبوانی عەرەبی (حسین، 1999، ل107).

سنووری ئەو ناوچە کوردییانە لە نێو نەخشەی دەوڵەتی عێراقدا لە قەزای شنگالی سەر بە پارێزگای موسڵەوە درێژ دەبنەوە، تاوەکو پارێزگای کەرکوک، پاشان هێڵە سنوورییە جیاکەرەوەکە بە قەزای بەدرە لە پارێزگای واسط کۆتایی دێت، کە سنووری پێشەوەی بەریەککەوتنی بەعەرەبکردن گرتییەوە. هەموو ئەو شێواندنە بە میتۆد و میکانیزمی بە عەرەبکردن و ڕاگواستن و پاکتاوی دانیشتوانە رەسەنەکانی کورد و تورکمان بوو، لە بەرانبەردا مێژووی ناوچەکە و شوناسی راستەقینەی شێوێندران (محمد، 2007، ل9). جگە لەوە شوناسی نەتەوەیی ئەو ناوچانە دەبێت پشت ئەستوور بە دۆکیۆمێنتی مێژوویی و بەڵگەنامەی دیمۆگرافی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی پشتڕاستبکرێتەوە. لێرەدا بە پشتبەستن بەو برگە و بابەتانەی کە تێیدا دەستوور و یاسای عێراق و رەشنووسی یاساکانی هەرێمی کوردستان دیارییان کردووە، شرۆڤە و شیکاریی پێکهاتە نەتەوەییەکانی ناوچە دابڕێنراوەکان دەکرێت. لە یەکەمین یاسایەکی فەرمیدا کە ئاماژە بە ناوچەی جێناکۆک کرابێت لە نێوان کورد و دەوڵەتی عێراقدا لە بڕیاری ژ(٢٤٨)ی تایبەت بە دەرچونی یاسای ئۆتۆنۆمی ژ(٢٣)ی ساڵی ١٩٧٤ بوو، لەوێدا ئەو ناوچانەی کە لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دا دیاریکرابوون، دەبوو تۆماری ساڵی ١٩٥٧ بکرێتە بنەما بۆ دیاریکردنی سنووری نەتەوە لە باری زۆرایەتی دانیشتوانەوە (سۆفی، 2007، ل124).

هاوکات لە پاش پرۆسەی ئازادی عێراق ٢٠٠٣، لە هیچ یاسا و دەستوورێکی (کاتی، گواستنەوە، هەمیشەیی) عێراقدا چوارچێوەی جوگرافی هەرێمی کوردستان روونکرابوویەوە، بەڵکو حکومەتەکانی عێراق بایەخیان بەو پرسە نەدابوو، هەرچەند کە دیارترین پرسی نێوان کورد و عێراق بووە. هەر بۆیە سنووری باشوور و باشووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان، کە دابڕێنراوە بووەتە دیارترین پرسی ریشەداری نێوان حکومەتەکانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان (کاکل، 2011، ل21-23).

بۆ یەکەمجار لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق دا کە لە (٢٠٠٤/٣/٨) دا کە لەلایەن (ئەنجومەنی حوکم)ی عێراقەوە دەرکرا، لە ماددەی(٥٨) دا ئاماژەی بە ناوچە جێناکۆکەکان کردووە، بەم جۆرە دیارییان دەکات:

١ـ کەرکوک بە تەواوی قەزا و ناحیەکانییەوە، لەوانە: داقوق، دوزخورماتوو، چەمچەماڵ، کەلار، کفری، تازە خورماتوو.

٢ ـ قەزاکانی موسڵ: شنگال و ناحیەکانی، شێخان و ناحیەکانی، حەمدانییە و ناحیەکانی، تلکیف و ناحیەکانی، ناحیەی بەعشیقە، ناحیەی قەحتانیە، قەزای مەخمور و ناحیەکانی، ناحیەی زومار.

٣- قەزاکانی دیالە: قەزای خانەقین و ناحیەکانی، قەزای بەلەدروز و ناحیەی مەندەلی، قەزای بەدرەو ناحیەی جەسان و مەیدان و قۆرەتوو[2].

هەموو ئەو ناوچانە بە لەبەرچاوگرتنی پاکتاوی رەگەزی و شێواندنی دیمۆگرافی و پرۆسەی ڕاگواستن و بە عەرەبکردنیان لە میانی قۆناغی فەرمانبەرداریی حزبی بەعسـ عێراق لە ساڵانی (١٩٦٨-٢٠٠٣) دا وەک ناوچەیەکی جێناکۆکی نێوان عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان ناسێنران ( فاتاح، 2022، 78). ئەم پرسە لە گەڵاڵەنامەی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانیشدا ئاماژەی بۆکراوە، ئەوەتا لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراقدا، کە لە (٢٠٠٩/٦/٢٤) دا پەسەندکراوە، لە خاڵی یەکەمی ماددەی (٢)ی بنەما سەرەکییەکانیدا هاتووە:"

[1] ئەم نەخشەیە مۆنس دانفیڵ ساڵی ١٧٩٤ کێشاویەتی و ئێستا لە زانکۆی کامبرج پارێزراوە. لە نەخشەکە دا کوردستان بەتەواوی ناوچە دابڕێنراوەکانییەوە بەسەر هەردوو ناوچەی جەزیرەو کوردستاندا دابەشبوون. وێنەی نەخشەکە لە لایەن ئەرشیف و کتێبخانەی (دارا عەتار) پارێزراوە و وەرگیراوە.

[2] بڕوانە: دیاریکردنی سنووری ناوچە جێناکۆکەکان لە دەقی مادەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق.

کوردستانی عێراق قەوارەیەکی جوگرافی مێژووییە، پێکـدێت لە پارێزگـای دهـۆک بە سـنووری کـارگێڕی ئێسـتایەوە و لە پارێزگاکـانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ وشێخان و سنجار و تلکێف و قەرەقـوش و ناحیەکـانی زومـار و بەعشـیقە و ئاسـکی کەڵەک لە پارێزگای نەینەوا و هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە بە سنووری کـارگێڕی پـێش سـاڵی ١٩٦٨ یـانەوە". هەر لە هەمان ماددەی خاڵی دووەمدا هاتووە: "سنوورە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق، بە پشتبەسـتن بە جێبەجێکـردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری فیدراڵییەوە دیاریدەکرێن" (ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان - عێراق، 2009، ل5). بە گـوێرەی دەقی ماددەی (١٤٠) لە دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدراڵ، نـاوچە دابڕێنراوەکـان بـریتین لە: "پارێزگـای کەرکـوک، یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای نەینەوا، دیالە، واست" (دەستەی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، 2007، ل2).

هەروەها لە لێدانی یەکەم بیرە نەوتدا لە بابا گوڕگوڕ، زەمینەی شارێکی پیشەسازیی بۆ کەرکوک رەخسا، جگە لەوە راکێشانی هێڵی ئاسنینی (بەغداد ـ کەرکوک) فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ هەنگاونان بەرەو پیشەسازیبوونی شار (روزبیانی، 2013، ل139).

لەم ناوچانەدا گرنگترین کێڵگەکانی نەوتیش لە عیراقدا دیاریدەکرین کە بریتین لە:کێڵگەی کەرکوک (بابا گوڕگوڕ)، کە گەورەترین کێڵگەی نەوتی جیهانە، رووبەڕەکەی (١١٠)کم درێژ دەبێتەوە، هەروەها کێڵگەی بای حەسەن هەڵکەوتوو لە (٩)کم باشووری رۆژئاوای کێڵگەی کەرکوکە، کێڵگەی جمبور لە (٦٠)کم باشوری رۆژهەڵاتی کێڵگەی یەکەمە (خورشید، 2005، ل58). ئەم کێڵگەیە ساڵی ١٩٢٧ بۆ یەکەمجار لەلایەن کۆمپانیای نەوتی تورکییەوە لێدراوە، توێژینەوە جیۆفیزیاییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە یەدەگی نەوتی زیاد لە (١٠) ملیار بەرمیل دەبێت، واتە بەڕێژەی (٧.٥%) کۆی گشتی یەدەکی نەوتی جیهانییە، کەواتە لۆژیکییە بوترێت ئەم زەمینە زەنگینە بوو کە گرنگی ناوچەکەی لە رەهەندی رکابەریی ناوخۆیی و هەرێمییەوە بردە رەهەندێکی جیهانییەوە ( فتاح و کۆمەڵێك توێژەر، 2017، ل29)، هەر بۆیە بوونی ئەم سەرچاوە بەنرخانەی نەوت، بەردەوام پاڵنەری عێراق بوون تاوەکو هەوڵی دابڕانی ئەو ناوچە کوردییانە بدات، ئەم ڕاستییە لە داواکانی عێراق بۆ رێککەوتن لەگەڵ کورددا، بەتایبەتی لە پێداگریی ساڵی ١٩٦٩ دا رەنگیدایەوە( فتاح و کۆمەڵێك توێژەر، 2017، ل94).

**٣. ڕەهەندە ئابووریە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.**

لە سەدەی (١٩)دا هەوڵەکانی بەریتانیا، بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی جیۆسیاسیی و ئابووری و سـتراتیژیی وڵاتـی نێـوان دوو رووبـار زۆر زیاتربوون (کرمانج، 2017، ل48). دیارە دۆزینەوەی نەوت لە مێژووی ناوچەکەدا بەردەوام مایەی مشتومڕ و ململانێی کۆڵۆنیکـاریی رۆژئاواییەکان بووە، تەنانەت سیاسـەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـتی وڵاتـانی رۆژئـاوایی لە سـەدەی(١٩)دا بەشـێکی بنچینەیـی لە پێنـاوی کۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتییەکـان یـان رێـگە خۆشـکردن بـووە بـۆ گەیشـتن بە نـاوچە نەوتییەکـان (دێشـنەر، 2004، ل321). جـگە لە سـەرچاوە نەوتییەکـان بەریتانیـا پێـی وابـوو ویـلایەتی موسـڵ خـاڵی پێکەوەبەسـتنی قـاهیرە و (کلکتـا) یە، ئەمەیـش وادەکـات کە ئیمپراتـۆریەتەکەی بپارێزێـت و هەر بە بەریتانیـای مەزن بمێنێـتەوە، بـۆیە تەواوی بەڵگەکـانی ئەو قۆنـاغە دۆزیـنەوەی نەوت بە سەرەکیترین پاڵنەری ئامادەیی بەریتانیا دادەنێن لە نـاوچەکەدا. ئەم هەوڵانە کاتێـک چـاوتێبڕینی بەریتانییەکانیـان زێـدەتر کـرد، کە عوسمانییەکان لەسەر پشک و جیاوگی نەوت لە ١٩١٢دا لەگـەڵ کۆمپانیـا ئەڵمانییەکـان دەسـتپێکردبوو، هـەر بـۆیە لە پـاش جەنـگ، دانوستانەکانی تورکیا و بەریتانیا، مەرجی سەرەکییان دابڕانی ناوچە نەوتییەکانی ویلایەتی موسـڵ بـوو لە تورکیـا (Al-Jaf، 2018، p11). لەم بـارەیەوە یەکێـک لە وتە بەنێوبانگەکـانی وینسـتۆن چەرچـڵ دەرخەری بـایەخی بەریتانیـا بـوو بـۆ ئەو ناوچـانەی کە سـەرچاوەی وزەی نەوتـن، ئەم وتەیە لە سـاڵی ١٩١٣ دا وتوویەتی:"پێویسـتە لە پەنـای سـەرچاوە نەوتییەکانـدا وەک خـاوەن مـاڵ رابووەستین، یاخۆ بەلایەنی کەمەوە بەسەر بەشێک لەو نەوتەدا دەستمان ڕابگات چونکە پێویستیمان بە نەوتە" (مرکز كربلا للبحوث والدراسات، 2002، ص157).

لە دەسپێکی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەریتانیا بە بـایەخەوە هەوڵی کـۆنترۆڵکردنی وڵاتـی نێـوان دوورووبـاری دەدا. لە رێکەوتنـی ئاگربەستی مۆدرۆسی ١٩١٨ دا بەشێک لە ویلایەتی موسڵ بە کەرکوکەوە لە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیـادا بـوو (فیبـی مـار، 2020، ل30). لەم کاتەدا زۆرترینی ئەفسەرە سونییە عەرەبەکـانی نێـو سـوپای عوسـمانی کە خەڵکی موسـڵ بـوون، دایـانە پـاڵ بەریتانیـا، ئەوان کاریگەریی شۆڕشی عەرەبی بە سەرۆکایەتی شەریف حوسێنیان لەسەر بوو دژ بە عوسمانییەکان (کرمانج، 2017، ل78). لە بەرانبەردا هەڵوێستی کوردەکان کە زیاتر نەیاری ئینگلیزبوون، بووە هۆکارێـک کە پەلە بـکەن لە یەکلاکـردنەوەی لکانـدنی ویـلایەتی موسـڵ بە عێراقەوە. لەم میانەدا کۆکس، کە جێگەی ئارنۆڵد ویڵسنی وەک مەندوبی سامی بەریتانی گرتبووەوە، لەگەڵ خانمێـک بەنێـوی (گێـر ترود لوسیان بێڵ)، کە سکرتێری کاروباری ڕۆژهەڵات بوو، گروپێکیان پێکهێنا بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی لکانی نـاوچەکە بە عێـراقەوە (البياتي، 2005، ل172).

بەریتانیا لەم سیاسەتەیدا دەیویست کوردستان دابەش بێت (السورچی، 1999، ص73)، هەر بۆیە سیاسەتی بەریتانیا دابڕانی هەماهەنگی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات بوو لە یەکتریی (میکە، 2019، ص177). چونکە بە سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان لە پارچەکانیتر، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرفتی بۆ دروست دەبوو، لەبەر ئەوەی ئێران لەو کاتەدا بەرژەوەندییەکانی خۆی زیاتر لە چوارچێوەی سیاسەتی بەریتانیادا دەبینییەوە، بۆیە پشکی سەرەکی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئێران بەر بەریتانیا کەوتبوو. ئەوە بوو وینستۆن چەرچڵ (١٨٧٤-١٩٦٥) لە ساڵی ١٩١٤دا سەرکەوتوو بوو لەوەی کە پیشەسازی نەوتی ئێران بخاتە سەر نەخشەڕێگەی سیاسەتی ئابووری وڵاتەکەی، بەجۆرێک کە (٥١%) پشکی ئەو پیشەسازییە بۆ کۆمپانیای نەوتی ئینگلۆ- پێرسیان (APOC) بوو (Cohen، 1978، pp. 171-181). لەم مامەڵەیەدا بەریتانیا بە ئاشکرا دەیەویست هەژموونی خۆی بەسەر کێڵگە نەوتیەیکانی وڵاتی فارس و موسڵدا هەبێت. تەنانەت، یەکێک لەو ناڕەزایەتییانەی کە زۆرێک لە وڵاتان لە بەریتانیایان دەگرت، ئەوەبوو، کە پیشێلکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنی ئاشتی مۆدرۆس ١٩١٨، بە هۆی بوونی نەوتەوە بووە، چون بە شکانی ئاگربەست، بەریتانیا توانی هەموو ئەو نێوچانەی دەکەونە باشووری زێی خاپور داگیر بکات (مجید، 1997، ص14)، هاوکات لە ١٩١٩/٨/٩ دا لۆرد کرۆزن بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆکس، لە تاراندا ڕێکەوتنیان ئەنجامدا، لەسەر بنەمای ئەو ڕێکەوتنە، بەریتانیا پارێزگاری لە داگیرگەکانی خۆی دەکرد لە ناوچەکەدا (Zirinisky, 1992, p 691).

دواجار دەگەینە ئەو ئاکامەی کە زۆرترینی سیاسەتی بەریتانیا لە ملمڵانێکاندا لە پێناو کۆنترۆڵی کێڵگە نەوتییەکان بوو ( Atarodi, 2003, p 65)، چون بەریتانیا دەیەویست لەو ململانێ کۆڵۆنیکارییەدا سەرکەوتو بێت، دەیەویست بە وابەستەبوونی ویلایەتەکە کۆنترۆڵی کێڵگە نەوتییەکان، بە تایبەتی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک بکات و هاوکات بە ڕێگایەکی ئاسان، نەوتەکە بگوازێتەوە بۆ ڕێگە نەوتییەکانی کەنداو(السورچی، 1999، ص73).

لە سەرەتاوە سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا کلیمانسۆ هەوڵیدا لۆید جۆرجی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا رازیبکات تاوەکو بە ڕێککەوتنی سایکس بیکۆی ١٩١٦ رازیببێت، بەڵام بەریتانیا بەدەستهێنانی ویلایەتی موسڵی کردە مەرج، لەکانوونی یەکەمی 1918دا ڕێککەوتنێك لەسەر ئەم بابەتە کرابوو، دواجار لە ڕێککەوتنی نەوتی ٢٤ی نیسانی١٩٢٠ی ساین ریمۆدا بە جۆرێکی دیکە ناوچەکەیان دابەشکردەوە و ویلایەتی موسڵ درایە بەریتانیا، بە مەرجێ برێ لە ئیمتیازی نەوتی ناوچەکە بدرێتە فەرەنسا(Atarodi, 2003, p 73)٬ هەر بۆیە بەریتانیا بە تایبەتی سیاسەتی چەرچڵ لە دوای پەیمانی لۆزاندا پێویست بوو مامەڵە لەگەڵ تورکیادا بکات و کاری سەرەکیشی بریتی بوو لە دیاریکردنی سنووری عێراق و تورکیا. بۆ ئەم مەبەستە، مستەفا کەمال بە دەزگای هەواڵگریی بەریتانیای ڕاگەیاند بوو، هەرگیز بیر لە هێز ناکەنەوە بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ بە دەستبهێنن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە تورکیا بێ هیوا بووبێت لە ویلایەتی موسڵ، هەر بۆیە زیاتر چاوی لە ئەنتاکیا و ئەسکەندەرونە بوو، دەیانزانی ناتوانن لە ویلایەتی موسڵ سەرکەوتووبن، هەر بۆیە لە دانوستانەکاندا تەنیا دەیەویست سنوورەکانی پارێزراو بن (ئۆڵسن، 1999، ل36). پێمان وایە مەبەستی تورکیا لە ئاسایشی سنوورەکانی، ئەوەبووە کە ناوچەکە نەکەوێتە دەست کورد، بەڵکو لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بێت کە عەرەب تێیدا باڵادەست بن. هاوکات لە دیدی عێراقی و بەریتانییەکاندا نەوتی موسڵ پرسی مان و نەمان بوو. هەرچەند بەریتانیا جەختیدەکردەوە لەوەی، کە نەوت پەیوەندی بەکێشەی ویلایەتی موسڵەوە نییە، بەڵام ئەوە تەنها پاساوێک بوو بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا. دیارە لەو قۆناغەدا ئەمەریکییەکان لەگەڵ تورکیادا لە هەوڵی ڕێککەوتن بوون تا پشکیان لە نەوتی ویلایەتی موسڵ هەبێت، ئەمە بووە هۆکارێک کە درەنگتر کێشەکە یەکلاببێتەوە و چەند ساڵێک بخایەنێت. هاوکات ئەمەریکا لە سەرەتاوە دژی ئینتیدابی بەریتانیا بوو لەسەر عێراق، چونکە داوای دەکرد دەبێت هاوتای کۆمپانیا فەرەنسی و بەریتانییەکان بەشداربێت لە پشکی نەوتییدا (ئۆڵسن، 1999، ل403)، هەروەها تورکیا لەو قۆناغەدا لە ئاستێکدا نەبوو کە هێندە بەریتانیا سەرقاڵ بکات بەو پرسەوە، هەرچەند کە ئەمەریکییەکان بۆخۆیان خاوەنی نەوت بوون و (٨٠%)ی نەوتی بەریتانیا لە لایەن ئەوانەوە دابین دەکرا، ئەوە لەکاتێکدا بوو کە رکابەری مەزنایەتی یەکتر بوون لە ناوچەکەدا (ئاندرسن، 2013، ل41).

بە دروستبوونی دەولەتی عیراق ئەم کیشەیە مایەوە، بە خۆمالی کردنی نەوت زیاتر گرفتە نەتەوەیی و نیودەولەتییەکانیش لە عیراقدا بەدەر کەوتن. حکومەت پێی وابوو بانگەشەی خۆماڵیکردنی نەوت لە ۱ی حوزەیرانی ۱۹۷۲ دا مستەفا بارزانی کردە ئامراز و پردی پرۆژە دەرەکییەکان (منشورات الثورة، المسألة الكردية الوضع الراهن، ص22)، ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە بەردەوام بارزانی سوربوونی خۆی لەسەر پشکی نەوتی کوردستان دووپاتدەکردەوە (Agency Central Intelligence، 1976، p78)، لەم بارەیەوە تاریق عەزیز دەڵێت:" کاتێک نەوتمان خۆماڵی کرد، پارتی ڕاپابوو، بەردەوام باسی کەرکوکیان دەهێنایە گۆڕێ، ئەوە لە کاتێکدا بوو، نەوتی کەرکوک هی عێراق بوو، وەک نەوتی بەسرە، خۆماڵیکردنەکەی لە بەرژەوەندی کورد و عەرەبدا بوو"، هەر بۆیە لە درێژەی

دیدارەکەیدا دەڵێت:" کاتێک سەر لەنوێ جەنگی نێوان سەرکردایەتی سیاسی کوردو حکومەتی عیراق هەڵگیرسایەوە ساڵی 1974 دا، نیکسۆن ریچارد (1913-1994) هاتە تاران و شای ئێران و کیسنجەر رێکەوتنیان ئەنجامدا تاوەکو کورد هانبدەن تاوەکو بەردەوامبیت لەسەر فشار خستنە سەر حکومەتی عێراقی" (نعنع، 2002، 163).

یاسای بەناو خۆماڵیکردنی ژ(٦٩)ی ای حوزەیرانی ١٩٧٢، (١٦) ماددەبوو، گرنگترینیان دامەزراندنی کۆمپانیای نیشتیمانی بوو، یاساکە ناودەبرا بە کۆمپانیای عێراقی بۆ چالاکییە نەوتییەکان (الجبوری، 1972،ص577). لەلایەکەوە وڵاتانی دەرەوە، بە تایبەتی ئێران و ئەمەریکا کوردیان بەکاردەهێنا دژ بەم پرسە، لەلایەکی دیکەوە عێراق داهاتێکی زۆری دەستکەوت ، بە بەڵگەی ئەوەی کۆمپانیای نەوتی عێراق IPC، بووە هۆکارێک تاوەکو داهاتی نەوتی عێراق لە (٥٢٤)ملیۆن دۆلارەوە لە ساڵی ١٩٧٢دا، بەرز بێتەوە بەجۆرێك بەرهەمی نەوتی عێراق گەیشتە (٢١٠٠١٠) بەرمیل لە رۆژێکدا، بەمە هەناردەی نەوت (٤٣%) زیادی کرد، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە لە ساڵی ١٩٧٢ کەمتر لە (١٥٠٠٠٠) بەرمیل بوو لە رۆژێکدا، هەروەها حکومەت پلانی دانابوو تاوەکو ساڵی ١٩٧٤ ناردنی نەوتی خۆی بگەێنێتە (3) ملیۆن و نیو بەرمیل لە رۆژێکدا (کرمانج: س.پ، ل364). بۆ بەرەو پێشچونی کەرتی نەوت عێراق پشتی بە سۆڤیەت بەست، نۆڤیکۆڤ جێگری سەرۆک وەزیرانی روسیا بۆ ماوەی هەفتەیەک لە ١٩٧٤/١/٧ هاتە بەغداد و لەگەڵ تەها جەزراوی وەزیری پیشەسازی کۆبوویەوە و بڕیاری توندوتۆڵکردنی پەیوەندیی دوولایەنەیاندا، دواتر سەدام حوسێن لە ١٩٧٤/٢/٢٧دا سەردانی مۆسکۆی کرد و دەربارەی نەوت و پرچەککردنی سوپای عێراق رێککەوتنی ئەنجامدا (.Middle east department GS Burton ESQ 24\2\1974, foreign and commonwealth office, London)، هەرچەند خۆماڵیکردنی زۆرترین ناوچەی کێڵگە نەوتیەکان لەلایەن کۆمپانیای نەوتی عێراقی لە دوای شۆڕشی تەموزی 1958 دۆزینەوەکانی لە وڵاتدا وەستاندبوو، دۆزینەوەکانی بواری نەوت تەنیا بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق تایبەت کرابوون، ئەوەش لەسەر بنەمای گرێبەستی خزمەتگوزارییەکانی ئەو بوارە بوو، وەستانی دۆزینەوەکانی بوای نەوت لە باشووری کوردستاندا پەیوەست بوو بە نەیارێتی حکومەتی بەعس بۆ پێشکەوتنی ناوچەکە و هێشتنەوەی بوو لە رەوشی دواکەوتوویدا، لەگەڵ ترسی حکومەتی عیراق لە پەلاماردنی پێشمەرگە و دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکە، هەروەک چۆن بە پێچەوانەشەوە بەرهەڵستکاریی کوردەکان دژ بە دەسەڵاتی ناوەند بەردەوام بوو، لێرەدا ئەو هۆکارە بایەخی کەمترە کە پێی وایە دژواری جیۆپۆلەتیکی و سەختی ناوچەکە لەچاو ناوچەکانی باشووردا هۆیەک بووە تاوەکو کەمتر سەرنجی کۆمپانیاکانی دۆزینەوە بۆخۆی کەمەند کێش بکات[3]. شەفیق قەزاز، نوێنەری مستەفا بارزانی لە ١٩٧٣/٧/٢٧ دا، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ میستەر جێرجیان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کرد و وتی:" بارزانی هیوایەکی راستینەی نییە کە حکومەتی عێراق، بەگوێرەی ئەوەی کە لەبەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا هاتووە، ئۆتۆنۆمییەکی سنووردار بداتە کورد، هەروەها نزیکەی ئەو(20) هەزار دۆلارەی مانگانە، لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بۆ پشتگیرییکردنی پێشمەرگەی پاسەوانانی سنوور و خەرجی ئیداری (پ د ک) دەدرا، لەو چەند مانگەی دواییدا وەستاوە، ئەوە بەڵگەیەکی دیکەی نیازخراپی بەعسە"[4]، بێمتمانەیی بارزانی لە ئاستێکدا بوو، کە دیشنەر لە دیدارێکیدا دەڵێ:" وەختێک هاتمە سەر ئەوخاڵەی کە باس لە هەڵبژاردن دەکات، بارزانی خۆی پێنەگیراو هەندێک وتەو رستەی توندی ئەوتۆی بەزاردا هاتن، کە وەرگێڕەکە فرە بەزەحمەت دەرەقەتیان دەهات"، بە جۆرێک تا ساڵی ١٩٧٢ بەتەواوی باوەڕی بە بەعس نەما، ئیدی ئەو راستییەیش گەڵاڵە بوو کە بەیاننامەکە وەکو مەرەکەبی سەر کاغەز مابوویەوە، بۆیە دەکرێت بوترێت هیچی تێدا نەبوو بۆ چارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد لە باشووری کوردستانن بە تایبەتی بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

کورد بەشدارێکی کارابوون لە بەشداریی پرۆسەی ئازادی عێراقدا، لەگەڵ لێدانی عێراقدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان چونەوە ناوچە دابڕێنراوە کوردستانییەکان، بەشێوەیەک لەلایەن وڵاتانی هەرێمی و پێکهاتە نەیارەکانی وەک تورکمان و عەرەبی کەرکوکەوە، سوچی گەڕانەوەی بەلێشاوی کورد بۆ زێدی خۆیان خرایە ئەستۆی ئەمەریکا، ئەوان رایانگەیاند کە ئەو کوردانەی گەڕاونەتەوە زۆر

---

(3) چەند کێڵگەیەکی کەمر لە کوردستانی عێراقدا دۆزرانەوە، لەوانە گازی چەمچەماڵ لە بیستەکانداو گازی خۆر مەڵە، لە ساڵی 1953 دا، دەمیر داغ لە ساڵی 1960، تەق تەق لە ساڵی 1978دا، بەڵام بەرەو پێشچوونەکان بەردەوام نەبوون، دوا هەڵکەندن و گەڕانی بیرەکان کە پێش جەنگی یەکەمی کەنداو ئەنجامدرا، بریتی بوو لە جەبەل کەند لە باکووری موسڵ لە ساڵی 1981 دا.(Kurdish Oil and Regional Politics, Under the Mountains: Robin Mills pp5-6).

(4) بیرخەرەوەیەکی وتووێژی نێوان شەفیق قەزازی نوێنەری مستەفا بارزانی لەگەڵ میستەر ئێدوارد پیتەر جێرجیانی بەڕێوەبەری هەرێمیی وڵاتی عێراق لە وەزارەتی دەرەوی ئەمریکا لە ٢٧ی جولای ١٩٧٣دا، لە ئەرشیفی نیشتیمانیی ئەمریکیدا هەڵگیراوە، بابەتەکە بەناونیشانی هەڵوێستی ئەمریکا لە هەمبەر کورد.( یاسین سەردەشتی: هەواڵی کوردستان و کورد، ب٧، ل٨٢ـ٨٥).

زیاترن لەوانەی کە پێشتر دەرکراون، تەنانەت تورکمانەکان پێیان وابوو ئەمەریکا دەیەوێت بەمر کارەی تۆڵەی بەشدارینەکردنی تورکیا لەوان بکاتەوە(The international crisis group, 2000, p19). چونکە ئەمەریکا هێزی یەکەمر بوو لە پرۆسەی ئازادی عێراقدا و هێزەکانی خۆی کە بە (١٤١) هەزار سەرباز دەخەملێنران ، هاوکات گەورەترین باڵیۆز و پێگەی سەربازی خۆی لە عێراق جێگیر کردبوو. بۆیە لەناو تەواوی هێزە نێودەوڵەتییەکاندا ئەمەریکا یەکەمین وڵاتە کە دەکرێت لەسەر سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستان کاریگەریی هەبێت، هەروەها چەسپاندنی پرۆژەی عێراقێکی فیدراڵ، بە پشتیوانی و داکۆکی ئەمەریکییەکان بوو (نەسری و رەزایی، 2020، ل102).

لە راستیدا ئەمەریکا بایەخێکی زۆری بۆ پێگەی ستراتیژی و زەنگینی ناوچە دابڕێنراوەکان هەبوو، هەربۆیە لە پێشەنگی کارەکانی بونیادنانەوەی عێراقی پاش سەدامدا ئەو ناوچانە شوێنیان بۆ کرابووەوە، لەسەرەتادا کۆمپانیا ئەمەریکییەکان لەگەڵ رادەستکردنی عێراق بە حوکمی سەربازی و سیاسی ئەمەریکییەکان هاتنە پێشەوە، پێشتر زۆرێک لە کۆمپانیاکان ئەزمونیان لەو ناوچانەدا هەبوو، بۆ نموونە هەر لە ئۆکتۆبەری 1997 دا گەورە کێڵگەیەکی نەوتی کەرکوک لەلایەن کۆمپانیای نەوتی عێراقی (ئای پی سی) یەوە دۆزرایەوە. ئیدی کۆنسۆرسیۆمی نەوتی ستانداردی نیو جێرسی، نەوتی ستانداردی نیویۆرک، نەوتی کەنداو، پان ئەمەریکا، ریتشفێڵدی ئەتڵەسی، ئەنگلۆ فارسی، رۆیاڵ داتش شل، کۆمپانیا فەڕەنسییەکان و کالوست، هەموو ئەوان موژدە و شادانەی ئەوەیاندا کە عێراق وەک وڵاتێکی سەرەکی بەرهەمهێنی نەوت دەردەکەوێت، دواتر لە دەوروبەری کەرکوک و بەشەکانی دیکەی موسڵ و خانەقین نەوتی دیکە دۆزرایەوە، بەڵام تاوەکو 2004 دۆزینەوەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە سنوورداری مابوونەوە، بە گوێرەی ماددەی (١٤٠) ی دەستووری عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکان کەوتنە ناو مشتومڕێکی وەهاوە کە ئایا پێش شوێنگرتن ئەو ماددەیە ئەو گرێبەستانە دەکرێت گرێبەستێکی بێ کێشەبن یان نا (http::cabinet.gov.krd/uploads/documents)، هەرچەند کە پرسە یاسایی و بنچینەییەکان نێوان بەغداد و هەولێر چارە نەکرابوون، هەژموونی ئەمەریکا لەناوچەکەدا فاکتەری هاتنە ناوەوەی زنجیرەیەک کۆمپانیای بەناوبانگی نەوتی بوون بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، لەوانەی بەرچاوترین خاڵێک پەیوەستبێت بە نەوت و هاتنی ئەمەریکاوە، لە سێپتەمبەری 2007 دا گرێبەستی نەوتی عەین سیفنی واژۆکرد، کە تاوەکو ئەو کات بەرپرسانی ئەمەریکی نەیار بوون، ئەو واژۆکردنە وەک واژۆی گەورەترین کۆمپانیا بوو کە لەگەڵ پی ئێس سی و پاشان حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کرا. سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای ئۆیل هانت و رەی هانت راوێژکاری جۆرج بۆش بوو، لەبەر ئەوە هەرێمی کوردستان پێیوابوو ئەو رێککەوتن و مامەڵەیە دەکرێت هێنانەدی رازیبوونێکی زمنی ئەمەریکا بێت (www.iraqoilreport.com/politics/hunt-oil)، هەروەها عەین سیفنیش هەرچەند کە لە سنووری موسڵ بوو، بەڵام ناوچەیەکی جێناکۆک بوو، تەنانەت لەناو هێڵی سەوزدا دیاریکرابوو، دەستکەوتەکان دوای 2008 زیاتر بوون و چەندین کۆمپانیای ماماوەند لە قەبارەو تواناندا هاتنە ئاراوە لەوانە کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی کۆریا و تالیسمانی کەنەدا لە دیارترینەکانیان بوون هاوکات کۆمپانیا گەلێکی زیاتر هاتن و مۆڵەتیان وەرگرت، لە ئایاری 2009 دا هیریتچ کە دواتر فرۆشرا بە جینل کێڵگەی بەرفراوانی میرانی دۆزییەوە و لە ئۆکتۆبەری 2009 دا (کیستۆن گۆڵف) کێڵگەی نەوتی شێخانی دۆزییەوە کە تا ئەوکات گەورەترین و بەرفراوانترین دۆزینەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق بوو (Mills, 2001, pp.5-6). بەمجۆرە دەکرێت بڵێین کە ئەمەریکا زەمینەیەکی رەخساند، کە کورد بتوانێت تاڕادەیەکی سنووردار لە ناوچە دابڕێنراوەکاندا سودمەند بێت لە بەرهەمهێنانی نەوت، بەمر پێیە ناوچە دابڕێنراوەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکادا مابوونەوە، بۆیە پەیامی ئەمەریکا لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی دەگرت کە پشێوی و نائارامی لەو شوێنانەدا دروست نەبێت.

لە هەمان کاتدا هەندێك لە بیرکەرەوە ناودارەکانی ئەمەریکی لە بڵاو کراوەکانیاندا دەیانەویست ئیدارەی ئەمەریکی لە دژی خواستی سیاسیی کوردی هان بدەن. بەڵگە و هۆی پراگماتیکییان دەهێنایەوە بۆ ئەوەی ئەمەریکا سیاسەتێکی واقیعیانە نەگرێتەبەر، ئەوە لە ژێر بیانگەی پاراستنی خاکی یەکگرتووی عیراقی و ڕازی کردنی دراوسێکان، ئەو لۆبیکەرانە داوا لە کورد دەکەن کە چیتر نەوت لە بەردەمر ماڵی خۆی هەڵنەهێنجن و دەست لە مافە مێژووییەکەی کەرکوکی پڕ لە نەوتی هەڵگرن و لەمەودوا زیاتر عیراقیانە ڕەفتار بکات و لە بەرژەوەندی ئەمەریکادایە کە ئەوانە رەچاوبکات (عەلائەددین، 2021، www.dlawer.info). دواجار ئەو دەنگانەی نێو ئەمەریکا کاریگەریی نەرێنییان لێکەوتەوە، ئەمەریکا پێی وابوو کە نەوت نابێت لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەییدا بکرێتە چەکێک، ئەوان لە ئەزموونی جەنگی عەرەب ئیسرائیلدا ١٩٧٣ ئەزموونیان وەرگرتبوو، چون عەرەبەکان داهاتی بەرفراوانی نەوتیان کردبووە فشارێک بۆ لەنێوبردنی ئیسرائیل، ئەمەریکا پێی وایە نەوتی ناوچەکە سەروەتێکی جیهانییە و نابێ لەململانێی نەتەوەییدا بکرێتە کارتی فشار (سعید، فتح الله، 2008، ل18). کەواتە ئەمریکا ویستی نەوت بەکاربهێنێ و نەهێڵێ وەک سەروەتێکی نیشتیمانی

و نەتەوەیی بۆ عێراقییەکان بێت، لەم بارەیەوە چۆمسکی دەڵێ:" نکولی لەوەدا نیە ئەمەریکا بۆ دەستگرتن بەسەر نەوتدا هات"، بۆیە ئەمەریکا نەیدەویست کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی هەبێت و نەوت بکاتە کارتێکی فشار بۆ جیابوونەوە، هەر لەبەر ئەوەیش بوو کە پاش چونە ناوەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان، سنوورێکی بۆ کورد دانا و تەنانەت دەستیان هەبوو لە دواخستنی چارەسەری پرسی کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکاندا. لە راستیدا سەرکردایەتی سیاسی کورد نەیتوانی ئەو راستییە بسەلمێنێت کە دروستبوونی هەرێمێکی فیدراڵی کوردستانی بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیشەوە هاوسەنگی هێز لە عێراقدا پارێزراوتر دەبێت و ئاسایشی نەوتیش زامنتر دەبێت بۆ کۆمپانیاکانی رۆژئاوا، دەتوانرێت بوترێت بەهەر رێگەیەکی یاسایی پرسەکە چارەسەر بکرایە کورد سودمەند دەبوون بۆیە بەردەوام دواخستنی ئەو پرسە لە پێشنیارەکانی ئەمەریکادا ئامادەیی هەبووە (ئەندرسن،١٩٨٩، ١٥١)، بۆ نموونە لەگەڵ چونە ناوەوەی ئەمەریکییەکان بۆ ناو شاری کەرکوک شانبەشانی هێزی لیوای (١٧٣) بەفەرماندادری ولیام مایڤیل، واخۆیان نیشاندا کە پارسەنگی پێکهاتەکانی ناوچەکە دەبن، بۆیە ئەو سەرۆکی شارەوانییەی کە یەکێتی دایبنابوو، رکابەرەکەیشی کە لەلایەن پارتییەوە دانرابوو، هەردووکیان لابران و فەرمانیانکرد کە پیشمەرگە شار چۆڵبکەن، دواتر لە ١٧ی نیسانی ٢٠٠٣ یەکەمین حکومەتی لۆکاڵی لە کەرکوک پێکهێنرا و لیژنەی ئیداری نوێ لە (٢٤) ئەندام پێکهاتن، کە بەیەکسانی بەسەر پێکهاتە جیاجیاکانی شارەکەدا دابەشیانکردبوون، هاوکات لە (٢٦)ی نیساندا هێزەکانی ئەمریکا هەڵیانکوتایە سەر سەرجەم بارەگای پارتە سیاسییەکان لەوانە یەکێتی و پارتی، هێشتا بەرەی تورکمانی پێی وابوو هێزەکانی ئەمەریکا لەلایەن کوردوە فریودەدرێن. هاوکات ئەمەریکا دژی تورکیا وەستایەوە بەوەی رێگەی نەدا بەرەی تورکمانی نوێنەری لە ئەنجومەنی حوکم هەبێت، دیارە لە سەرەتادا نوێنەرەکانی پێکهاتەکانی هەموو عێراق لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە دەستنیشان دەکران، لەبری نوێنەری بەرەی تورکمانی یەک کەسی بەرەچەڵەک تورکمانیان دانا کە پەیوەندی بە بەرە و تورکیاوە نەبوو، تورکیا زیاتر نیگەرانی خۆی لە هەمبەر بەشداریی چالاکانەی کورد لە ناوچە دابڕێنراوەکان دەربڕی، جیا لەوەیش تورکیا لەوە نیگەران بوو کە بۆچی تەنیا زمانی کوردی و عەرەبی وەک دوو زمانی فەرمی عێراق ناسێنراون (حسۆ. 2005، ل37).

**٤. کاریگەری هۆکارە ئابووریەکان لەسەر بەردەوامبوونی ململانێکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.**

بەگشتی ناکۆکی سەرەکی حکومەتی بەعس لەگەڵ میللەتی کورد لەسەر چەند خاڵێک بوو دووانیان پەیوەستن بە لایەنی ئابووری (نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە بازنەدا، ل٧٥ـ٧٦) بەم شێوەیە:

أ- هەر ناوچەیەک نەوتی تێدابێت دەبێت لە قەڵەمڕەوی ئۆتۆنۆمی دابڕێت، بەو پێیەی ئەوەی سامانی سروشتییە موڵکی هەموو گەلی عێراقە.

ب- هەموو ئەو ناوچانەی بەکەڵکی کشتوکاڵ دێن لە ناوچەکانی نێوان کورد و عەرەبدا دەبێ سەر بە ئۆتۆنۆمی نەبن، بە پاساوی ئەوەی ئەو جوتیارانەی لە باشوور زەویەکانیان بووەتە شۆرەزار دەبێت بژێویان بۆ دابین بکرێ.

بۆیە دەکرێ بڵێین هۆکارە ئابووریەکان بوونەتە هۆی بەردەوامی کێشە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، و دەکرێ دابەشان بکەین بۆ ئەم خاڵە گرنگانەی خوارەوە:

**١.٤ سەرچاوە سروشتیەکان:**

سەرچاوە سروشتیەکان گرنگترین هۆکاری ئابوورین بۆ مانەوە و بەردەوامی کێشە لەم ناوچانە بەتایبەت کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوک، بە شێوەکی گشتی، (١٨) ساڵ پێش هەموو کێڵگە نەوتیەکانی عیراق دەستی بە بەرهەمهێنانی نەوت بە ئەندازەی بازرگانی کردووە، یەکەمیان لە مایۆی (١٩٣٤) و دووەمیان لە دیسێمبەری ساڵی (١٩٥١) دا، و باباگوڕگوڕ یەکەم مەیدانی نەوتە لە باشووری کوردستان و سەدان کیلۆ مەتر لە دەریاوە دوورە و زوبێریش لە عیراقدا زۆر نزیکە لە دەریا. باشووری کوردستان ڕۆڵی گەورە دەبینێ لە پێکهێنانی سەرچاوەکانی نەوت لە عیراق (سەرجەمی نەوتی عیراق)، لە ساڵی (١٩٦٧) (٤٨٪) بووە لە ساڵانی (١٩٧٧، ١٩٨٧، ١٩٩٧) (٤٧٪) بووە (غفور، 2010، ل26).

لە خوارەوە چاڵە نەوتیەکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەخەینە ڕوو (غفور، 2010، ل36) (قائمة حقول نفط وغاز العراق – المعرفة (marefa.org)):

I. **کێڵگەی عەین زالە:** لە ساڵی (١٩٣٩) نەوت لە عەین زالە دۆزرایەوە، نەوتەکەی خڵتەی زۆرە، لەبەر ئەوە پێویستی بە سەربار هەیە تا تاوتوێ بکرێ، (٦٥) کیلۆ مەترلە شاری موسڵ دوورە و دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای ئەم شارە، و تێکڕای بەرهەمی کێڵگەکە نزیکەی (١٠) هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا.

II. **کێڵگەی کەرکوک:** پێنجەم گەورەترین کێڵگەیە لە ڕووی تواناوە لەسەر ئاستی جیهانی و بیرە نەوتەکانی قوڵترن قوڵیان لە نێوان (٤٥٠-٩٠٠) مەترە، و تێکڕای بەرهەمی یەک بیر نزیکەی (٣٥) هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، و تێکڕای بەرهەمی کێڵگەکە نزیکەی (٧٢٠) هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا.

III. **کێڵگەی بێتمە:** لە کێڵگەی عەین زالەوە نزیکە، لە ساڵی (١٩٥٢) نەوتی لێ دۆزرایەوە و نەوتەکەی خڵتەی هەیە. بە شێوەیەکی گشتی نەوت لە ناوچەی نەوتی باکوور لە لایەن کۆمپانیاکانی (شێڵ، مۆبیل پانۆیل، ئەرسان، کۆمپانیای تورکی، کۆمپانیای عێراق بۆ کاروباری نەوت......هتد بەرهەمدەهێنرێ و هەنارده دەکرێ.

IV. **کێڵگەی بابا گوڕ گوڕ:** گەورەترین کێڵگەی نەوتی جیهانە، ڕووبەرەکەی (١١٠)کم درێژ دەبێتەوە. یەکەمین بیر لەم کێڵگەیە بە مەبەستی دۆزینەوەی نەوت لە ساڵی (١٩٢٧) لێدرا، لە لایەن کۆمپانیای عێراق بۆ کاروباری نەوت، لە سەرەتادا نەوت بە شێوەی سروشی لە بیری کێڵگەی بابا گوڕ گوڕ هاتۆتە دەرەوە، و ماوەی دە ڕۆژی خایاندووە تا کۆنترۆڵ کراوە، ژمارەی بیرەکانی دەگاتە (١٥٠) بیر، درێژی کێڵگەی بابا گوڕ گوڕ بە دەیان کیلۆ مەتر دەبێ و پانیەکەی لە هەندێ جێگادا (٣) کیلۆ مەتر زیاترە.

V. **کێڵگەی بای حەسەن:** دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای کێڵگەی کەرکوکە و (٩)کم لێی دوورە، و بیرە نەوتەکانی قوڵترن لە بیرەکانی کێڵگەی کەرکوک و قوڵیان لە نێوان (١٥٠٠-٣٠٠٠) مەترە، بەرهەمهێنانی نەوت لەم کێڵگە لە ساڵی (١٩٥٩) دەستی پێکرد، و تێکڕای بەرهەمی کێڵگەکە نزیکەی (١٠٠) هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا.

VI. **کێڵگەی جمبور:** دەکەوێتە باکووری شاری کەرکوک، و تێکڕای بەرهەمی کێڵگەکە نزیکەی (٥٠) هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا.

VII. **کێڵگەی خورمەڵە:** دەکەوێتە باشووری شاری هەولێر و ناحیەی دیبەگە، و تێکڕای بەرهەمی کێڵگەکە نزیکەی (٣٧٥) هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، لە لایەن کۆمپانیای کار بەڕێوەدەبردرێ.

VIII. **کێڵگەی ئافانا:** یەکێکە لە کێڵگە گەورەکانی جیهان درێژییەکەی 100کمء پانییەکەشی 4کم دەبێت، یەدەکی نەوت تیایدا پێش بەرهەمهێنان نزیکەی 23 ملیار بەرمیل بووە، ئەمڕۆ بەگوێرەی ئەوتەکنەلۆجیایەی لە بەردەستدایە نزیکەی نۆ ملیار بەرمیلی تێدا ماوەتەوە. ژمارەی بیرە هەڵکەنراوەکانی 433 بیرە.

IX. **کێڵگەی خەباز:** دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای کەرکوکەوە لە نێوان هەردوو کێڵگەی جەمبورو بای حەسەن، درێژییەکەی 18 کمء پانییەکەشی 3،5کم دەبێت .لەساڵی 1978 بەدواوە دەستکراوە بە بەرهەمهێنان تیایدا، ئەوەی تیایدا ماوەتەوە لە نەوت 521 ملیۆن بەرمیلە. بە کورتی نەوتی کەرکوک 11% ی نەوتی عیراق پێکدەهێنێت. خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ نەوتی کەرکوکدا لە ماوەی تەمەنیدا دووجار بە خراپی مامەڵەی نازانستیانەی لەگەڵدا کراوە.

ڕووداوەکان دەیسەلمێنن نەوت رۆڵی باڵای لە بەعەرەبکردنی ناوچەکەدا هەبووە (ئاغجەلەری، 1977، ل181)، چون بوونی نەوت لە کوردستان زیاتر دەکەوێتە ئەو ناوچە دابڕێنراوانەوە، هاوکات پێشینەی چاوتێبرین و داگیرکاریی بۆ سەر ئەو نێوچانە هەر لە وەختـی داگیرکـاریی بەریتانیـاوە دەسـتپێکردووە، دیـارە نـاوچە نەوتییەکـان لە بـاکووری رۆژئـاواوە درێـژدەبنەوە بـۆ باشـووری رۆژهەڵات بەمجۆرە:ـ

ا. ناوچەی باشوور: لە مەندەلییەوە تا چیای حەمرین.

ب. ناوچەی ناوەند: لە کفرییەوە تا خورماتوو.

ج. ناوچەی باکوور: لە کەرکوکەوە بۆ موسڵ و زاخۆ درێژدەبنەوە. گرنگترین کێڵگەکـانی نەوتـیش لە سـەرەوە ئاماژومـان پێکـر کەواتە لۆژیکییە بوترێت ئەم زەمینە زەنگینە بوو کە گرنگی نـاوچەکەی لە ڕەهەنـدی رکـابەریی نـاوخۆیی و هەرێمیـیەوە بـردە ڕەهەنـدێکی جیهانییەوە، هەر بۆیە بوونی ئەم سەرچاوە بەنرخانەی نەوت، بەردەوام پاڵنەری عێراق بـوون تـاوەکو هەوڵـی دابـڕانی ئەو نـاوچە کوردییانە بدات، ئەم ڕاستییە لە داواکانی عێراق بـۆ رێککەوتـن لەگەڵ کـورددا، بەتـایبەتی لە پێـداگریی سـاڵی ١٩٦٩ دا ڕەنگیـدایەوە (فتاح، 2017، ل29).

**٢.٤ ناوچە کشتوکاڵیەکان:**

لە نوسراوێکی موحەمەد حەمزە زوبەیدی جێگری سەرۆک وەزیران لە ۱۹۹٥/۱/۲٥، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەرکوک ئاگادار دەکاتەوە، کە تەواوی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان، بێجگە لەوانەی لەتەک هاوڵاتیانی عەرەبدا کراون هەڵبوەشێنێتەوە[5]. هاوکات لە ۱۹۹٥/۲/۱۲ دا سەرۆکی لیژنەی باکوور و جێگری سەرۆک کۆماری عێراق تەها یاسین رەمەزان لە نوسراوێکی نهێنیدا ئاماژە بە چەند رێوشوێنێکی پەلە دەکەن بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی (سەدام حوسەین) دابەشکردنی زەوی بەسەر هاوڵاتیانی عەرەب، بە تایبەتی لە پارێزگای کەرکوک و هێڵی مەخمور دیبەگە و پارێزگای موسڵدا، بڕیارەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە جوتیار بە زوویی دەستبکات بە نیشتەجێبوون لەو زەوییەیدا کە بۆی دیاریکراوە، پاشان تەواوی بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە هاوڵاتیبوونی لە شوێنی پێشووی دابڕێ[6]، هەروەها بە گوێرەی نوسراوێکی مەحمود فەیزی پارێزگاری کەرکوک لە ۱۹۹٥/۹/۹ دا لیژنەیەک پێکهێنراوە بۆ راستکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی تەگەرەی بەردەم زوو جێبەجێکردنی پرۆژەی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیانی عەرەب لە قۆڵی کەرکوک ـ لەیلان، کەرکوک ـ دوبز[7]. لە نوسراوێکی نهێنی جێگری سەرۆک کۆمار بۆ پارێزگاری کەرکوک، لە رێککەوتی ۱۹۹٦/۱۰/٦ دا وردەکاری بەعەرەبکردنی ناحیەی پردێ ـ شوان ـ پردێ روونکراوەتەوە، لەو میانەدا فەرمانکراوە، کە تەواوی زەوی و زاری کورد، ئەوانەی دەربازبوون بۆ هەرێمی کوردستان دەستیان بەسەردا بگیرێت، هاوکات بڕی پێویستی پارە و زەوی و یەکەی نیشتەجێبوون بۆ عەرەبی هاوردە دابینبکرێت و بە زوویی بڕیارەکان بەڕێوە بچێت[8]، بەم پێیە ناحیەی پردێ، کە سەر بە قەزای دوبز بوو، بە فەرمانی کۆماری ژ(٤٣٤)ی ۱۹۸۹ خرایە سەر پارێزگای هەولێر، بەڵام بە پێی نوسراوی ژ(٤٧٦)ی ۱۹۹٥/۲/۲۲ سەرپەرشتی ئیداری و دارایی ناحیەکە هەر لەسەر کەرکوک مایەوە، ئەم هەنگاوە ئامانج لێی ئاسانکاریی ناوچە ستراتیژییەکە بوو بۆ بەعەرەب کردنی، چونکە بە گوێرەی زانیارییەکانی حکومەت ناحیەکە لە ۱۹۹۱/٥/۱۲ دا رێژەی کورد تێیدا (٤٧%) و رێژەی تورکمان (٤٨%) و عەرەب تەنها (٥%) بوون، بەڵام پاش جێبەجێکردنی رێنماییەکانی لیژنەی باکوور دانیشتوانی ناحیەکە لە سەرژمێری ۱۹۹۷دا ژمارەیان بوو بە (۱۰۱۰۰) کەس، لەوانەیش ژمارەی نەتەوەی عەرەب بوون بە (٥٨%) و تورکمان (۱۸%) و کوردیش بوون بە (٤٤%)، ئەوەی ئەو هاوکێشەیەی گۆڕی بونیادنانی (6) یەکەی نیشتەجێبووی عەرەب بوو بە ناوەکانی: سعود، غەدا، جیهاد، وەسبە و شەهید[9]. هەروەها بە پێی نوسراوی نهێنی تەها یاسین رەمەزانی سەرۆکی لیژنەی باکوور بۆ پارێزگاری کەرکوک، کە لە ۱۹۹۸/٤/۳۰ ئاڕاستەکراوە، داوا کراوە بە زووترین کات (۳) کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لە شوان و لەیلان دروستبکرێت بۆ عەرەب، بە وردی تەواوی تێچوون و خزمەتگوزارییان بۆ دابینبکرێت و هەر جوتیارێک (۱۲۰) دۆنم زەوی پێبدرێت، هاوکات دەستبگیرێت بەسەر تەواوی زەوی و زاری ئەو کوردانەی کە قوتاربوون (دەقی نوسراوی ژ(۸۰۷/۲۰)ی لیژنەی باکوور).

بە شێوەیەکی گشتی کردنەوەی ئۆردوگای عەرەبنشین لە ناوەڕاستی ساڵی ۱۹۹۸، بەناوی دروستکردنی پشتێنەی ئارامی، لە سنووری ناوچەی قەدەغەکراودا ئەنجامدەدران، ئەمە لەسۆنگەی پیلانی حکومەتدا بوو، ئەوەتا ئەنجومەنی رێکخستنی باکوور لە ۱۹۹۸/٥/۲۰ لە بارەگای خۆی کۆبووەتەوەو بڕیاردراوە لەو چوار ناحیەیەی قەزای کەرکوک:لەیلان، ئوم مەعارک، ئاڵتون کۆپری، لەنزیکیان هەریەکەیان ئۆردوگایەکی عەرەبنشین یان زیاتر بکرێتەوە، هەروەها کڕینی هەموو زەوی و زارێکی کورد لەو ناوچانە بە خەمڵاندنی (۲۰)هەزاری چاپی عێراقی بۆ هەر دۆنمێک زەوی (فتاح، 2022، ل46) .

**خشتەی(۱) ژمارەی گوندە ڕاگوێزراوەکان لە پارێزگای کەرکوک**

| پارێزگا | ژمارەی گوند | ژمارەی خێزان | ژمارەی کەس |
|---|---|---|---|
| کەرکوک | ٧٤٨ | ۳٥٦۰۳ | ۱۹۸۰٦٤ |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستان بە ڕاپۆرتی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (تقرير حول التغيرات الادارية للمناطق المتنازع عليها بضمنها كركوك، ايلول 2007).

لەم خشتەی سەرەوە دەردەکەوێ تەنها لە شاری کەرکوک (٧٤٨) گوندو کوردنشین دەربەدر کراون ئەمەش زۆربەی گوندەکانی پارێزگای کەرکوک دەگرێتەوە.

[5]بروانە: دەقی نوسراوەکە، بەڵگەنامەی ژ(1).

[6]بروانە: دەقی نوسراوە نهێنییەکە، بەڵگەنامەی ژ(2).

[7]بروانە: دەقی نوسراوی پارێزگاری کەرکوک، بەڵگەنامەی ژ(3).

[8]بروانە: نوسراوی نهێنی سەرۆکی لیژنەی باکوور، بەڵگەنامەی ژ(4).

[9]بروانە: دەقی زانیارییەکانی لێکۆڵینەوە لە ناحیەی پردێ(ئاڵتونکۆپری)، بەڵگەنامەی ژ(5).

سەبارەت بە سنووری دیالە و واسیت، ئەوا بە بڕیارێکی فەرمی مەندەلی لە قەزاوە کرایە ناحیە و هەموو گوندەکانی خانەقین تاوەکو مەنـدەلی بە جارێـک بەعەرەبکـران، بە جۆرێـک کـوردی فەیـلی لە جەلەولا، زربـاتیە، بەدرە، عەلی غەربی، لە زۆریـنەوە بـوون بە کەمینەیەکی ئیتنی لاواز (الفیلی، 1999، ل50).

هەروەهـا حکـومەت بڕیـاری جێگیرکـردنی مـافی زەوییەکـان و یاسـای رێکخسـتنی خاوەنـدارییەتی کشـتوکاڵی نـاوچەی کوردسـتانی قۆستەوە کە یاسای ژ(٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ بوو، بەمەیش دەستی گرت بەسەر تەواوی زەویە کشتوکاڵی و ناکشـتوکاڵییەکانی سـنوورەکەدا و خسـتنیە سـەر وەزارەتی دارایـی و کشـتوکاڵ و دواتـر دابەشـیکردن بەسـەر خێـزانی عەرەبە هاوردەکـانی ناوەڕاسـت و باشـووردا. رووکەشی یاساکە لەناوبردنی دەرەبەگایەتی بوو لە کوردستان، ناوەرۆکی پڕۆسەکە بەعەرەبکردنی ناوچەکە بوو.

هەروەها پرۆژەی ئاودێری کەرکوک، کە زەویەکانی زێی خواروو تاوەکو زنجیرە چیاکانی دەوربەری کەرکوک و دوزخورماتو و کفری درێژ دەبوونەوە، هەروەها لە پرۆژەی حەویجە و شیوی زەیتون و چیای حەمیرین تاوەکو شیوی نارین رووبەرێکی فراوانی زەوی دەگرتەوە (الواقائع العراقیة، عدد(2464)، 3/ایار/1975)، کە (١١٤٤٨٠٠٠) دۆنم زەوی کشتوکاڵی دەبوو، ئەم پرۆژەیە یەکێک لە پرۆژەکانی بەعەرەبکردن بوو، چونکە هۆزە عەرەبییەکان زەوی کشتوکاڵی و یەکەی نیشتەجێبونیان بۆ دابیندەکرا، بەمەیش بەدرێژایی کەرکوک - دوز خورماتوو - کفری تاوەکو خانەقین لە بەرەی رۆژهەڵاتەوە، هەروەها تاوەکو چیای حەمرین لە بەرەی باشووری رۆژئاواوە عەرەب نیشتەجێبوون، بە جۆرێک لەو پرۆژە کشتوکاڵییانەدا هیچ کوردێک نەیدەتوانی سودمەند بێت (خورشید، 2009، ل106).

**٣.٤ دەرامەتی مرۆیی:**

یەکێکە لە گرنگترین دەرامەتە ئابووریەکان لەهەمان کاتدا یەکێکە لە گرنگترین ئەو ئامرازانەی کە شوناسی نەتەوەیی ناوچوکان یەکلایی دەکاتەوە، ئەوەتا خودی رێکخراوی هیومان رایتس ووچ ئاماژە بەوە دەکات کە لە دەستپێکی سییەکانەوە پرۆسەی راگواستن دەستی پێکردووە، بەگشتیش لەسەر ئاستێکی فراوانتر لە حەفتاکانەوە حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق هەستاون بە پرۆسەی راگواستنی زۆرەملێی هەزاران کورد و تورکمان و ئاشووری، لە بەرانبەردا عەرەبیان لە باشوور و ناوەڕاست هێناوە بۆ شوێنیان، ئەوەیش لە پێناو دەستڕاگەیشتنی زیاتری حکومەت بە سەرچاوە نەوتییەکان و زەویە کشتوکاڵییەکانی هەڵکەوتوو لە باکووری عێراق بووە (تقریر لمنظمة (هیومن رایتس وتش)، 2005، ص3). لە ئاکامدا (١٢٠) هەزار کەس تەنها لە ساڵانی حەفتاکاندا راگوێزران، بەگشتی لە کۆی گشتی پرۆسەکەدا (٢٥٠) هەزار کورد لە ناوچە دابڕێنراوەکاندا رووبەڕووی دەرکرن بوونەتەوە. لەلایەکی ترەوە دەرکردنی کوردە فەیلییەکان ترسناکترین دنیابینی حکومەتەکانی عێراق نیشاندەدات دەرهەق بەکورد، ئەوان بە پاساوی ئەوەی لە دەستپێکی دروستبوونی عێراقدا سەر بە عوسمانی نەبوون و هاوڵاتی ئێرانی بوون، لە ساڵی ١٩٧١ و سالی ١٩٨٠ دا بە هەزارانیان لێ راگوێزران و ئاودیوی سنووری ئێرانکران، بە جۆرێک کاریگەری راگواستنی کوردی فەیلی و کورد لە ناوچە کوردستانییەکان هاوسەنگی دیمۆگرافیا و رێژەی بەرچاوی کوردی لە عێراقدا ئێجگار کەمکرد بۆ نموونە بەپێی هەردوو سەرژمێرییەکانی ساڵانی ١٩٤٨_١٩٧٧، رێژەی دانیشتوانی کورد کە (٢٦%) دەبوون لە ساڵی ١٩٤٨، رێژەکە دابەزی بۆ کەمتر لە (١١%) لە ساڵی ١٩٧٧(کرمانج، 2017، ل363).

خشتەی (٢) رێژەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک بە پێی نەتەوە بۆ ساڵانی (١٩٢٢-١٩٩٧)

| نەتەوە | ١٩٢٢-١٩٢٤ | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | ١٩٧٧ | ١٩٩٧ |
|---|---|---|---|---|---|
| کورد | ٦٥.١ | ٤٨.٣ | ٣٦.١ | ٣٧.٦ | ٢٠.٧ |
| عەرەب | ٢٠.٩ | ٢٨.٢ | ٣٩ | ٤٤.٤ | ٧٢.٤٥ |
| تورکمان | ٤.٨ | ٢١.٤ | ١٩.٥ | ١٦.٣ | ٦.٦٧ |
| کلدان، ئاشور، سریان، ئەرمەن وئەوانی تر | ٩.٢ | ٢.١ | ٥.٤ | ١.٧ | ٠.١٤٤ |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستان بە ڕاپۆرتی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (تقریر حول التغیرات الاداریة للمناطق المتنازع علیها بضمنها کرکوك، ایلول 2007).

لەم خشتەی سەرەوە دەردەکەوێ ڕێژەی دانیشتوانی نەتەوەی کورد لە شاری کەرکوک لە ساڵانی (١٩٢٢-١٩٢٤) زۆرینەیە و ڕێژەکەی (٦٥.١٪) و دوای کورد نەتەوەی عەرەب بە جیاوازیەکی زۆر لە دواوەیە بە ڕێژەیەکی (٢٠.٩٪) دواتر نەتەوەکانی تر دێن بەیەکەوە ئینجا نەتەوەی تورکمان دێت، بە هەمان شێوە ڕێژەی دانیشتوانی نەتەوەی کورد لە شاری کەرکوک لە ساڵی (١٩٥٧) زۆرینەیە بەڵام کەم بۆتەوە بۆ ڕێژەی (٤٨.٣٪) و دوای کورد نەتەوەی عەرەب ڕێژەکەی بەرز بۆتەوە بۆ (٢٨.٢) دواتر نەتەوەی تورکمان دێت و ڕێژەکەی

بەرزبۆتەوە بۆ (٢١.٤٪) دواتر نەتەوەکانی تر دێن بەیەکەوە ڕێژەکەیان زۆر دابەزیوە بۆ (٢.١٪)، بەڵام ڕێژەی دانیشتوانی نەتەوەی کورد لە شاری کەرکوک لە ساڵی (١٩٦٥) پلەی یەکەمی لەدەست داوەو ڕێژەی کەم بۆتەوە بۆ (٣٦.١٪) و نەتەوەی عەرەب لە پلەی یەکەم دێت و ڕێژەکەی بەرزبۆتەوە بۆ (٣٩٪) دواتر نەتەوەی تورکمان دێت و ڕێژەکەی (١٩.٥٪) دواتر نەتەوەکانی تر دێن بەیەکەوە ڕێژەکەیان بەرز بۆتەوە بۆ (٥.٤٪)، بەڵام ڕێژەی دانیشتوانی نەتەوەی کورد لە شاری کەرکوک لە ساڵی (١٩٧٧) ڕێژەی کەمێک بەرزبۆتەوە بۆ (٣٧.٦٪) و نەتەوەی عەرەب لە پلەی یەکەم دێت و ڕێژەکەی بەرز بۆتەوە بۆ (٤٤.٤٪) دواتر نەتەوەی تورکمان دێت و ڕێژەکەی (١٦.٣٪) دواتر نەتەوەکانی تر دێن بەیەکەوە ڕێژەکەیان کەم بۆتەوە بۆ (١.٧٪)، بەڵام گۆڕانکاری گەورە لە ڕێژەی دانیشتوانی نەتەوەی کورد لە شاری کەرکوک لە ساڵی (١٩٩٧) ڕوویداوە وڕێژەی کەم بۆتەوە بۆ (٢٠.٧٪) و نەتەوەی عەرەب ڕێژەکەی زۆر بەرز بۆتەوە بۆ (٧٢.٤٥٪) دواتر نەتەوەی تورکمان دێت و ڕێژەکەی کەمبۆتەوە بۆ (٦.٦٧٪) دواتر نەتەوەکانی تر دێن بەیەکەوە ڕێژەکەیان کەم بۆتەوە بۆ (٠.١٤٤٪)، ئەم کەمبوونەوەیەی ڕێژەی دانیشتوان و پێکهاتەی نەتەوەکان جگە لە نەتەوەی عەرەب کە زیادی کردووە، کاریگەری کردۆتە سەر دەسکەوتنی کار و بەشداریان لە کۆمپانیاکانی نەوت، بەتایبەتی نەتەوەی کور

خشتەی (٣) ژمارەی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکوک (١٩٥٨-٢٠٠٦)

| ساڵ | کورد | ڕێژە٪ | عەرەب | ڕێژە٪ | تورکمان | ڕێژە٪ | مەسیحی | ڕێژە٪ | ئینگلیز | ڕێژە٪ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٨ | ٨٥٠ | ٣٨ | ٤٠ | ١ | ٣٧٠ | ١٦ | ٩٠٠ | ٤٠ | ٧٠ | ٣ | ٢٢٣٠ |
| ١٩٦٣ | ١١٥٠ | ٣٣ | ١٠٠ | ٢ | ٧٠٠ | ٢٠ | ١٤٠٠ | ٤١ | ٦٠ | ١ | ٣٤١٠ |
| ١٩٦٥ | ١٠٠٠ | ٢٩ | ١٧٠ | ٥ | ٨٠٠ | ٢٣ | ١٣٥٠ | ٤٠ | ٥٥ | ١ | ٣٣٧٥ |
| ١٩٧٨ | ٥٠٠ | ٩ | ٢٧٠٠ | ٥١ | ١٢٠٠ | ٢٢ | ٨٥٠ | ١٦ | - | - | ٥٢٥٠ |
| ١٩٨٨ | ٣٠٠ | ٣ | ٥٢٠٠ | ٦٥ | ١٧٠٠ | ٢١ | ٧٥٠ | ١٩ | - | - | ٧٩٥٠ |
| ١٩٩٥ | ٢٦٠ | ٢ | ٦٦٠٠ | ٧٠ | ١٨٠٠ | ١٩ | ٧٠٠ | ٧ | - | - | ٩٣٦٠ |
| ٢٠٠٠ | ١١٩ | ١ | ٧٢٠٠ | ٧٣ | ١٩٢٠ | ١٩ | ٦٠٠ | ٦ | - | - | ٩٨٣٩ |
| ٢٠٠٦ | ٦١٠ | ٥.٨ | ٧٣٠٠ | ٦٩.٤٥ | ٢١٠٠ | ١٩.٩٨ | ٥٠٠ | ٤.٧٥ | - | - | ١٠٥١٠ |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستان بە ڕاپۆرتی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (تقرير حول التغيرات الادارية للمناطق المتنازع عليها بضمنها كركوك، ايلول 2007).

لە خشتەی سەرەوە بە ڕوونی دیارە ژمارەی کرێکارانی کورد بەردەوام لە کەمبوونەوە دابووە بە ڕێژەی جیاواز لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨ – ٢٠٠٦)، بەڵام لە بەرامبەردا ژمارەی کرێکارانی عەرەب لە هەمان ماوە ڕووی لە زیاد بوون کردووە، کە ئەمەش کاریگەری ئابووری هەبووە لەسەر داهات و بژێوی خێزانە کوردەکانی ئەم ناوچەیە، هەروەها دەستنەکەوتنی کار بۆتە هۆی ناچاربوونی بەشێک لە خێزانە کوردەکان کە کۆچ بکەن بە ئامانجی دەسکەوتنی کار لە ناوچەکانی تری عیراق و کوردستان.

ئەم ڕاگواستنەی بەهۆی گەڕان بەدوای کاردا بەسەر نەتەوەی کورد هات تەنها هۆکار نەبوو بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی نەتەوەی کورد، بەڵکو لە پاڵ کەمکردنەوەی ژمارەی کرێکارەکانی کورد لە کۆمپانیاکانی نەوت، داگیرکردن و لێسەندنەوەی زەویە کشتوکاڵیەکان و ڕاگواستنەوەی بەناچاری گوندەکانی بەدواوە هات.

کەواتە هۆکارەکانی کەمکردنەوەی ژمارەی کرێکار و فەرمانبەرەکان لە کۆمپانیا نەوتی و فەرمانگەکان و ڕاگواستنی زۆرە ملێی گوندەکان دەرکردنایان لەسەر زەویە کشتوکاڵیەکان و جێگرتنەوەیان بە دانیشتوانی نەتەوەی عەرەب کاریگەری دیموگرافی دروست کرد لەسەر هەردوو پارێزگای موسل و دیالی. هەروەک لەم دوو خشتەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی (٤) ژمارە وڕێژەی گۆڕانکاری دانیشتوانی پارێزگای موسڵ بە پێی نەتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٧،١٩٩٧)

| نەتەوە | ژمارە (١٩٧٧) | ڕێژە (١٩٧٧) | ژمارە (١٩٩٧) | ڕێژە (١٩٩٧) |
|---|---|---|---|---|
| کورد وکوردی فەیلی | ١٤٥٧٨٩ | ١٣.٢٦ | ١٦٩١١٦ | ٨.٣ |
| عەرەب | ٩٣٩٦٦٦ | ٨٥.٤٤ | ١٨٦٤٨٥٣ | ٩١.٥٢ |
| تورکمان | ٩٤٨٧ | ٠.٨٦ | ١٦٨١ | ٠.٠٨ |
| ئەرمەن، ئاشوور و ئەوانی تر | ٤٨٦٧ | ٠.٤٤ | ١٩٦١ | ٠.٠٩٦ |
| **سەرجەم** | **١٠٩٩٨٠٩** | **١٠٠** | **٢٠٣٧٦١١** | **١٠٠** |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستان بە ڕاپۆرتی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (تقرير حول التغيرات الادارية للمناطق المتنازع عليها بضمنها كركوك، ايلول 2007).

خشتەی (٥) ژمارە ورێژەی گۆڕانکاری دانیشتوانی پارێزگای دیالی بە پێی نەتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٧،١٩٩٧)

| نەتەوە | ژمارە (١٩٧٧) | ڕێژە (١٩٧٧) | ژمارە (١٩٩٧) | ڕێژە (١٩٩٧) |
|---|---|---|---|---|
| کورد وکوردی فەیلی | ٦٢٨٣٦ | ١٠.٧٤٦٤٣ | ٤٥٥٢٦ | ٤.٠١٤ |
| عەرەب | ٥١١٣٩٤ | ٨٧.٤٦٠٣٩ | ١٠٨٦٩٦٥ | ٩٥.٨٤ |
| تورکمان | ٨٨٨٥ | ١.٥١٩٥٤٤ | ١٥٥٥ | ٠.١٣٧ |
| ئەرمەن، ئاشوور و ئەوانی تر | ١١٢٧٩ | ١.٩٢٨٩٧٤ | ١٠١ | ٠.٠٠٩ |
| **سەرجەم** | **٥٩٤٣٩٤** | **١٠٠** | **١١٣٤١٤٧** | **١٠٠** |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستان بە ڕاپۆرتی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (تقرير حول التغيرات الادارية للمناطق المتنازع عليها بضمنها كركوك، ايلول 2007).

کەواتە لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئەم ناوچە کوردییانە تایبەتمەندیی ئابوری و ستراتیژیی گرنگیان هەبووە، چون جگە لە بوونی کێڵگەکانی نەوت لەو سنوورانەدا، بوونی ناوچەیەکی بەرفراوانی گونجاو بۆ کشتوکاڵ، هاوکات هاوسنوورییان لەگەڵ ئێراندا، بەتایبەتی کە سەرەڕێی زیارەتکارانی ئێرانیی بوون بۆ شوێنە پیرۆزەکانی وەک نەجەف و کەربەلا بایەخەکەیانی زێدەترکردبوو. جگە لەوانە سەرچاوە زەنگینەکانی ئاو، لەوانە رووباری ئەڵوەند، سیروان، دەریاچەی حەمرین تێکڕا کەوتوونەتە ئەو سنوورانەی کوردستانەوە. ناوچەکە لە سەرەتاوە وەک بەشە دابڕێنراوەکانیتری کوردستان، پێکهاتەیەکی ئیتنی و ئایینی ئاڵۆز پێکیهێناون. بۆ نموونە بە جارێک کوردی شیعە و سونە، عەرەبی شیعە و سوننە، تورکمانی شیعە و سونەیان تێدا نیشتەجێن. بە درێژایی حوکمی عوسمانییەکان لە سەدەی (١٦)دا بەشێکی گرنگی دەسەڵاتی میرنشینەکانی ئەردەڵان و بابان لەو سنوورانەدا بوون (فتاح، 2021، ل27).

بۆیە بەردەوام وەک ناوچەیەکی گرنگی ئابووری و پڕ داهات چاوی لەسەر بووە و بابەتێکی گرنگی کێشەکان بووە لە نێوان کورد و حکومەتەکانی عیراق و نێو دەوڵەتی هەروەک لە هۆکارەکانی پشت بەریتانیا بۆ لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:-

١. ململانێی نێودەوڵەتی لەسەر بە دەستهێنانی ناوچەکە، کە لە سەدەی (١٩) وە دەستیان پێکردبوو.

٢. بایەخی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە بۆ بەریتانیا.

٣. هۆکاری ئابوری و نەوت.

٤. گەڕان بەدوای شوێنەوار و پاشماوە شوێنەوارییە زەنگینەکانی ناوچەکە.

٥. فاکتەری ئایینی بۆ مەبەستی بانگەوازی موژدەدەریی(تبشیر) بە تایبەتی لە ویلایەتی موسڵدا بوونی کەمینە مەسیحییەکان هاوکارێکی باشی ئەو پرۆسەیە بوون.

٦. کۆنترۆڵی زیاتری رێگە وشکانییەکان، بەمەبەستی گرێدانی داگیرگەکانی بەریتانیا بە هندستانەوە (تاڵبانی، 2003، ل49).

هەروەها کەرکوک بایەخی ئابووری گرنگی هەبوو لە ستراتیژی کۆنترۆڵکردنی لەلایەن حکومەتەکانی عێراقەوە چونکە دۆزینەی نەوت و هەڵکەندنی چاڵە نەوتەکان، کە گەورەترینیان لە نیسانی ١٩٢٧ دا کاری تێدا کرا، خودی شا فەیسەڵ لە ئاهەنگی کردنەوەیدا بەشداربوو. ئەوەبوو لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی١٩٢٧دا لە چاڵە نەوتی بابە گوڕگوڕ نەوت هێنرایە دەرەوە (تاڵبانی، 2003، ل49)، چونکە دۆزینەوەی نەوت، بونیادنانی پرۆژە گەورەکان لە حەویجە و قەرەتەپە، بەپیتی زەویە کشتوکاڵییەکان، تێکڕا فاکتەری خێراکردنی پرۆسەی دابڕانی کەرکوک بوون لە تایبەتمەندییە کوردییەکانی (بوتانی، 2013، ل409)، لەبەرئەوەی لە لێدانی یەکەم بیرە نەوتدا لە بابا گوڕگوڕ، زەمینەی شارێکی پیشەسازیی بۆ کەرکوک رەخسا، جگە لەوە راکێشانی هێڵی ئاسنینی (بەغداد- کەرکوک) فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ هەنگاونان بەرەو پیشەسازیبوونی شار (روزبیانی، 2013، ل119). هەروەک لە پێشتر بە درێژی ڕوونکرایەوە.

ئەو هۆکارانە پاساوی ئاوەدانی و نیازی ناوگۆڕکێی شوناسی نەتەوەیی شاری زیندوو ڕاگرت، هەر بۆیە گرنگترین هەوڵێک بۆ گۆڕینی کوردبوونی خاک و خەڵکی کورد لە کەرکوک، بریتیبوو لە دەستپێکردن بە پرۆژەی (حەویجە)، کە وەک پرۆژەیەکی ئاودێریی، رووبەرەکەی (١٣٩) هەزار دۆنم زەوی لەخۆگرتبوو، هەڵکەوتەکەی لە باکووری رۆژئاوای کەرکوکەوە بوو، پرۆژەکە ساڵی ١٩٣٦

دەستپێکرا و ساڵی ١٩٥٢ کۆتایی پێهات. بە درێژایی ئەو قۆناغە بە بەرنامە و بە پاڵپشتی حکومەتەکانی عێراق، پرۆسەی نیشتەجێبوون و هاوردنی عەرەبی سارانشین و دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵی کورد بەسەریاندا بەردەوام بوو، بە جۆرێک لە ماوەی قۆناغی یەکەمی کارکردن لە پرۆژە ئاودێرییەکاندا زیاد لە (٢٠) هەزار لە عەرەبە سارانشینەکان لە ناوچەکەدا نیشتەجێبوون، ئەوانە بە یەکەم هەنگاوی گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی لیوای کەرکوک دادەنران لە شارەکەدا (روزبیانی، 1986، ل49).

جگە لەوە لە ساڵەکانی نێوان (١٩٣٦- ١٩٣٧)، بە هەزاران عەرەب لە دەشتایی حەویجەدا نیشتەجێکران. هاوکات هەر لەو قۆناغەدا هۆزی عوبێد، ئەوانیش وەک هۆزەکانی کرویە و لهێب لە پانتایی قەرەتەپە و دەوروبەری نیشتەجێکران. هەروەها لە دەشتاییەکانی نێوان کفری و دوزخورماتوو لێشاوی هۆز و تیرە عەرەبییەکان بەرەو ناوچەکە بەردەوام بوو، بە جۆرێک هەر لەو قۆناغەدا تێکڕا ( ١٩٨٠٦٤) عەرەبی دێهاتیی و دابڕاوی شارەکان هێنرانە ناوچەکەوە، کە ڕێژەیان بەمجۆرە بەسەر کەرکوک و قەزا کوردییەکاندا دابەشببوون: قەزای کەرکوک (٢٨%)، قەزای کەلار (٢٣%)، قەزای چەمچەماڵ (٢١%)، قەزای دوبز، (١٧%)، قەزای کفری (١٠%) (روزبیانی، 1986، ل48). زۆربەی ئەو عەرەبە هاوردانە بەناوی یەکەی بەکارهێنانی زەوی زارەوە لە پرۆژەی ئاودێری حەویجەدا سوندمەند دەبوون، هەر بۆیە لە ناوچەکانی ناحیەی مەڵحە و دەشتایەکانی تازە خورماتوو و داقوقدا بڕێکی زۆریان جێگیرکران.

**٤.٤ ماددەی (١٤٠) :**

مادەیەکی دەستوریە لە دەستوری هەمیشەیی عیراق لە دوای شەری ئەمریکاو داگیرکردنی عێراق لە سالی ٢٠٠٣ نوسراوە بۆ چارەسەرکردنی کیشەی کەرکوك و ناوچەکێشە لەسەرەکان، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم مادەیە نوسراویکی دەستوری و یاساییە لەهەمانکاتتدا دانپێدانان و سەلمێنەری هەمو ئەو داگیرکاری و ڕاگواستنانەیە کە بەرامبەر ئەو ناوچانە کراوە بە بەڵگەی ئەوەی کە لە یاساکە هاتوە کە هەمو ناوچەکان لەڕوی دیموگرافییەوە بگەڕێنەوە دۆخی ئاسای پشتر و هەمو زەویە کشتوکاڵی وبازرگانیە داگیرکراوەکان بگەڕێننەوە بۆخاوەنەکانیان و عەرەبە هاردەکان بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان و پاداشتی دارای و زەویان بدەنی وەك چۆن لەکاتی هاوردەکردنیان پاداشتی دارای و زەویان لە ناوچە کێشەلەسەرەکان وەرگرتوە. لەبەر ئەمەش لێژنەیەك دانرا بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

لێژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) لە دەستووری کۆماری عیراق، لێژنەکی دەستووری جێبەجێکاری یاساییە، بە بڕیاری دیوانی ژمارە (٤٦)ی ژمارە (م رن/٤٨/١٣٧٣) لە (٩/ ٨/ ٢٠٠٦)، ئامانجی سەرەکی ئەم لێژنەیە لادانی ئەو ستەمە بوو کە بە ڕۆڵەکانی گەلی عیراق گەیشت لە ئەنجامی سیاسەتە دوژمنکاریەکانی سیستەمی پێشوو، وەکو ڕاگواستن و دەرکردنیان لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان، هێنانی کەسانی تر بۆ شوێنەکانیان و بێ بەش کردنی دانیشتوان لە کار و دابڕینیان لە پیشەکانیان، و زەوتکردنی موڵک و زەوی کشتوکاڵی......هتد، لە ماوەی گۆڕانی نەتەوەیی و دیموگرافی بەو ناوچانەی یاساکانی ماددەی (١٤٠) دەیانگرێتەوە، بۆ گەڕاندنەوەی باری ئەو ناوچانە بۆ پێش (١٧)ی تەمووزی (١٩٦٨).

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو بوودجەی بۆ ئەو لێژنە تەرخان کراوە لە سەرەتای دروست بوونیەوە تا ساڵی (٢٠١١):

خشتەی (٦) گوژمەی دابینکراو بۆ لێژنەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)

| ساڵ | بڕی پارە/ ملیون دینار |
|---|---|
| ٢٠٠٦ | ٢٩٥٢٠ |
| ٢٠٠٧ | ٢٦٧٠٠٠ |
| ٢٠٠٨ | ٢٠٠٠٠٠ |
| ٢٠٠٩ | ٢٧٢٨٣٥.٣٩٦ |
| ٢٠١٠ | ١٧٢٨٣٥.٥ |
| ٢٠١١ | ١٧٢٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ١١١٤١٩١ |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستان بە پێگەی (www.com140.com).

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە لە ساڵەکانی سەرەتادا گوژمەی لێژنەکە ساڵ لە دوای ساڵ زیادی کردووە تا ساڵی (٢٠٠٩) دواتر، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە کە سەرەتا نیەتی باش هەبووە بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانی ئەم لێژنە بەڵام دیسان بەهۆی بەهێز بوونەوەی لایەنە عیراقیەکان و نەیارانی ئەم لێژنەیە بەربەست بۆ ئەم لێژنەیە دروست کراوە تا لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١٢) بە تەواوی کارەکانی ئەم لێژنەیە پەکی کەوت و تا ئێستاش بەردەوامە.

لەگەڵ ئەوەش ئەم لێژنە لە ماوەی کارکردنیان لە ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠١١) بەشێکی باشی کارەکانیان جێبەجێکرد لە قەرەبووکردنەوەی هاوڵاتیانی ڕاگوێزراو و کۆچکردوو بۆ ئەو ناوچانە هەر وەک لەم خشتەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی (٧) چەکی دابەشکراو بەسەر (ڕاگوێزراو- هاتوو) تا ساڵی ٢٠١٢/٤/١٢

| شوێن | هاتوو | ڕاگوێزراو |
|---|---|---|
| کەرکوک | ١١٢٦٢ | ٣٤٨٢٢ |
| سنجار | ٠ | ٢٠٨٩٨ |
| خانەقین | ١٤١٠ | ١٠٨٦٦ |
| بەسرە | ٠ | ٢٨٩٠ |
| میسان | ٠ | ١٣٥٦ |
| زی قاڕ | ٠ | ١٤٦٤ |
| واست | ٠ | ٩٢٢ |
| بابل | ٠ | ١٥٨٨ |
| کۆی گشتی | ١٢٦٧٢ | ٧٤٨٠٦ |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستان بە پێگەی (www.com140.com).

لە خشتەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، ژمارەیەکی کەمی ئەو خێزانانەی لە پرۆسەی تەعریب هاتوون ئارەزوو دەکەن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠١١) تەنها، (١٢٦٧٢) خێزان قەرەبوویان وەرگرتووە، بەڵام ژمارەیەکی زۆری ئەو خێزانانەی بەزۆر ڕاگوێزراون قەرەبوویان وەرگرتووە بە ئامانجی گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان و ژمارەیان (٧٤٨٠٦) خێزانە.

لێرەوە بۆمان ڕوندەبیتەوە کە هۆکارە ئابووریەکان کاریگەری تەواویان هەبوە بەشێوەیەکی سەرەکی و ڕاستەوخۆ لە ئەنجامدانی داگیرکاریەکان و جێبەجێ کردنی بەعەرەبکردنی ناوچەکان وەك پاداشتە داراییەکان و پێدانی زەوی کشتوکاڵی و خانوو دامەزراندنیان لەسەر پرۆژەکان و کۆمپانیا نەوتیەکان.

### ٥. ئەنجامەکان

1. لێکۆڵینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشت کە هۆکارە ئابوورییەکان وەک دابەشکردنی داهاتی نەوت، بێکاری، زەوی کشتوکاڵی ، کاریگەری بەرچاویان لەسەر بەردەوامبوونی ململانێکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان هەیە.
2. کۆنترۆڵکردنی سامانە نەوتیەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە کە لە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا چڕبوونەتەوە، بووەتە هۆی دابەشکردنی نایەکسانی سەروەت و سامان و سنووردارکردنی دەرفەتی ئابوری بۆ دانیشتوانی کورد، ئەمەش بۆتە هۆی بەردەوامی ململانێکە.
3. لێکۆڵینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشت کە چارەسەرکردنی ململانێی ناوچە کوردستانییەکان پێویستی بە چارەسەرکردنی ئەو هۆکارە ئابوورییانە هەیە کە هۆکارن بۆ بەردەوامبوونی.
4. لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات دابەشکردنی نایەکسانی داهاتی نەوت و سنووردارکردنی دەرفەتە ئابورییەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم هۆکار بووە بۆ بەردەوامبوونی ململانێکان.

### ٦. پێشنیارەکان

1- داڕشتنی سیاسەت: توێژینەوەکە پێشنیاری ئەوە دەکات کە داڕێژەرانی سیاسەت لە کاتی داڕشتنی سیاسەت و ستراتیژ بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و بەرەوپێشبردنی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە کێشە لەسەرەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کاریگەریی هۆکارە ئابوورییەکان لەسەر ململانێی ناوچە کوردستانییەکان لەبەرچاو بگرن و کەمتر لە کیشە نەتەوەی و سیاسیەکان تەماشایان نەکەن.

2- دابەشکردنی یەکسانی سامانەکان: بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی لە ناوچە کوردستانییەکان، زۆر گرنگە دابەشکردنی یەکسانی داهاتی نەوت و سەرچاوە ئابوورییەکانی دیکە لە نێوان هەموو ناوچەکانی وڵاتدا. ئەمەش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنی ناڕەزایەتییە ئابوورییەکانی دانیشتوانی کورد و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ململانێ.

3- هاندانی یەکگرتنی ئابووری: بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی لە ناوچە کوردنشینەکان، گرنگە برەودان بە یەکگرتنی ئابووری لە نێوان ناوچە کوردستانییەکان و حکومەتی ناوەندیدا. ئەمەش دەتوانرێت لە ڕێگەی پرۆژەی ئابووری هاوبەش و دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتە ئابوورییە یەکسانەکان بۆ هەموو دانیشتوانی وڵاتەکە بەدەستبهێنرێت.

4- لێکۆڵینەوەی زیاتر: توێژینەوەکە پێشنیاری لێکۆڵینەوەی زیاتر دەکات لەسەر کاریگەریی هۆکارە ئابوورییەکان لەسەر ململانێ لە ناوچە کوردستانییەکان و ناوچەکانی دیکەی زیانلێکەوتووی ململانێکان بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی قووڵتر لە ڕەگ و ڕیشەی ململانێکان و ئەگەری چارەسەرکردن بەدەستبهێنن.

5- ماددەی ١٤٠: هەوڵدانی حکومەتی هەرێم بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ، ئەمەش گرنگترین هەنگاوە بۆ چارەسەری کێشەی ئەم ناوچانە، و گرنگترین برگە گەڕانەوەی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بۆ شوێنی خۆیان و دەرچوونی عەرەبە هاوردەکان لەو ناوچانە و قەرەبووکردنەوەیان.

## سەرچاوەکان:

### 1 - کوردی


1. ئۆڵسن، رۆبەرت (1999): **راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران (کوردستان ١٨٨٠-١٩٢٥)**، و: ئەبوبەکر خۆشناو، دەزگای نیگا، سلێمانی،١٩٩٩.
2. ئاندرسن، لیام (2013) : تەنگژەی کەرکوک، و: ئومێد عوسمان، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
3. ئاغجەلەری، پشکۆ حمە تاهیر (2014): **شاری کەرکوک ١٩٥٧-١٩٧٧**، چاپخانەی حمدی، سلێمانی.
4. میکە، هردی مهدی (2019): **سیاست ایران در قبال کرد**، چاپخانە سرا، چ١، سلیمانیە.
5. کۆمەڵەی گەلان (2021): راپۆرتێکی پێشنیارکراو بە ئەنجومەن لەلایەن لیژنەی دامەزرێنراو بە بڕیاری ئەنجومەن لە 30/ئەیلول/1924، ویلایەتی موسڵ، جنێف، 20/ئاب/1925، **پرسی سنووری نێوان عێراق و تورکیا**، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2021.
6. کۆمەڵێک توێژەر (2017): **ئایندەی کەرکوک لە نێوان هەولێر و بەغدا**، راپۆرتی ژ(١)، سلێمانی،٢٠١٧.
7. کرمانج، شێرکۆ (2017): **شوناسی عێراق، ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان**، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
8. قادر، جبار و عەبدولڕەحمان، دڵشاد مەحمود (2013): **گەڕەکەکانی شاری کەرکوک لە رۆژگاری پاشایەتیدا ١٩٢١-١٩٥٨**، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ(٢٥)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
9. فتاح، ماجد خلیل (2021): **مێژووی ململانێی کوردو حکوموتەکانی عێراق لەسەر نوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان (1958-2010)**، تێزی دکتۆرا" زانکۆی سلیمانی " کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ بەشی مێژوو.
10. غفور، عبدالله (2010): **جوگرافیای ئابووری نەون لە کوردستاندا**، چاپی سێیەم،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
11. سۆفمر، حەمەد سەعید (2018): **پارێزگای کەرکوک لە نێوان پاکتاوکردنی رەگەزییدا.**
12. سۆفی، ڕێبین محەمەد(2007): **مافەکانی گەلی کورد لە دەستووری ٢٠٠٥ ی عێراقدا**، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی.
13. دێشنەر، گوینتەر (2004): **کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێ کراو**، وەرگێرانی: حەمەکەریم عارف، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،چ1، هەولێر.
14. دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین (2021): **پاراستنی بەرژەوەندیە ئەمەریکیەکان لەعیراقدا، ٢٠٢١/٩/١٠** https:://www.dlawer.info/usa/usa-alienate-kurds
15. حکومەتی هەرێمی کوردستان/وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم (2007): **راپۆرتێک دەربارەی گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی ناوچە دابڕاوەکان**، هەولێر،٢٠٠٧.
16. حسین، فاضل (1999): **کێشەی ویلایەتی موسڵ**، و:محەمەد شاکەلی، چاپخانەی خاک، سلێمانی.
17. حسۆ، مراد خۆشەڤی (2006): **گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق، پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق:1990 - 2005**، دەزگای ئاراس، هەولێر.
18. تاڵەبانی، نوری (2003): **ناوچەی کەرکوک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە**، وەرگێرانی: محەمەدی مەلا کەریم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
19. پەرلەمانی کوردستانی عێراق (2009): **پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ـ عێراق**، هەولێر.


### 2- عربی


1. بوتانی، عبدالفتاح علی (2013): **من وثائق نظام البعث خطة تشکيل الحزام العربی(الامنی) من جنوب اقليم کردستان عراق**، ئەکادیمیا، ژ(٢٥)،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
2. البياتي، عبدالرحمن إدريس (2005): **الشيخ محمود الحفيد والنفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥**، لندن.
3. تقرير لمنظمة هيومن رايتس وتش (2005): **التطهير العرقی فی کردستان العراق و تصحيح اثاره**، ترجمه: دارا فرج، مطبعة مکتب الاعلام المرکزی للاتحاد الوطنی الکردستانی، سليمانية.

4. الجبوري، ا حمد (1986): الاستيطان الريفي فى قضاء الحويجة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، بغداد.
5. الجبورى، فارس محمود فرج (2010): **تأميم النفط في العراق ١٩٧٢**، مجلة اداب الفراهيدى، ع(٢)، سنة الاولى، جامعة تكريت، كلية اداب.
6. خورشيد، فواد حمه (2005): **كركوك قلب كردستان**، مطبعة روشنبير، سليمانية.
7. روزبيانى، الملا جميل (2003): **كركوك فى عهد الاستعمار البريطانى والعهود التالية**، ترجمه: انور مندلاوى، مجلة (سردم العربى)، ع(٢)، سليمانية.
8. سعيد، محمد رؤوف و فتح الله، زمناكۆ سعيد (2008): **اقليم كردستان العراق في دائره سياسات النفطية العالمية**، مطبعه تيشك، سلێمانی.
9. السورچى، نجم عمر (1999): **مصير ولاية الموصل (كردستان الجنوبية) ما بعد عام ٢٠٠٠**، ط٢، سليمانية.
10. الفيلي، عبدالجليل (1999): اللور(الكورد) **الفيليون فى الماضي والحاضر**، مطبعة وزارة التربية، اربيل.
11. كاكل، ساره يونس ()2011: **الاكراد و المناطق المتنازع عليها بين الفدرالية والصراع**، رسالة ماجستير، جامعة (الشرق الاوسط)، كلية الاداب والعلوم، قسم علوم السياسة.
12. مار، فيبى (2020): **تاريخ العراق المعاصر١٩٢١ـ٢٠٠٣**، ترجمة: مصطفى نعمان احمد، دار و مكتبة اوراق، بغداد.
13. مجموعة باحثين (2002): **كركوك مدينة القوميات المتآخية**، مطبعة مركز كربلا للبحوث والدراسات، لندن.
14. مجيد، كمال (1997): **النفط والأكراد (دراسة العلاقات العراقية - الايرانية – الكويتية)**، دار الحكمة، لندن.
15. محمد، خليل اسماعيل (2007): **المنطقة متنازع عليها بين الحاضر الملتهب والمستقبل المجهول**، مؤسسة حمدى للطباعة و النشر، سليمانية.
16. محمد، خليل اسماعيل (2010): **كركوك دراسات فى التكوين القومى للسكان**.
17. نعنع، حميدة (2002): **طارق عزيز رجل و قضية**، مطبع المستقبل، ط٢، بيروت.

**3- ئینگلیزی**

1. Askary, H. (2004). **The Tragic Modern History of the Kurds**. EIR Volume 31, Number 26. Retrieved from https://larouchepub.com/eiw/public/2004/eirv31n26-20040702/eirv31n26-20040702_064_the_tragic_modern_history_of_the.pdf
2. Burton, G. S. (1974). **Middle East Department,** Foreign and Commonwealth Section.
3. Burton, G. S. (1974). **Middle East Department**, Foreign and Commonwealth Office, London.
4. **Hunt Oil Knew KRG Oil Deal in Disputed Territory.** (2011). Retrieved from https://www.iraqoilreport.com/politics/hunt-oil-knew-krg-oil-deal-in-disputed-territory-6108/
5. Zirinsky, M. (1992). **Imperial Power and Dictatorship: Britain and the Rise of Reza Shah, 1921-1926**. Middle East Stud, 24, Boise State University.
6. Middle East Studies, 9 (2).(1978)
7. Al-Jaf, R. A. (2018). **British Policy Towards the Government Of The Mosul Vila yet 1916-1926**. University of Leicester, School of History, Politics & International Relations.
8. Mills, R. (n.d.). **Under the Mountains Kurdish Oil and Regional Politics**.
9. Cohen, S. (n.d.). **Mesopotamia in British Strategy**, 1903-1914. International Journal.
10. Crawford, J. R. (2008). **The Authority of the Kurdistan Regional Government over Oil and Gas under the Constitution of Iraq**. Retrieved from http://cabinet.gov.krd/uploads/documents/James_R_Crawford_Kurdistan_Oil_Legal_Opinion_English__2008_07_09_h11m23s26.pdf.
11. The International Crisis Group. (n.d.). **Iraq and Kurdish, the Brewing Battle over Kirkuk.**
12. Research Study Prepared in the Central Intelligence Agency, Washington. (1976, November). VOL. XXVII.
13. **Iraq Under Baath Rule. 1968-1976**, No. 317.
14. Atarodi, H. (2003). Great Powers, **Oil and the Kurds in Mosul 1915-1925**. University Press of America.
15. Mills, R. (n.d.). **Under the Mountains Kurdish Oil and Regional Politics**.

**تأثير العوامل الاقتصادية على مشاكل المناطق الكوردستانية خارج إدارة حكومة إقليم كوردستان-العراق**
**(دراسة تحليلية)**

**فهمي محمد علي عبدالله**
قسم المالية والمصرفية، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة صلاح الدين-اربيل
Fahmy.abdullah@su.edu.krd

**گيلان جميل احمد**
قسم الاقتصاد، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة صلاح الدين-اربيل
gailan.gamil@su.edu.krd

**ادريس سليمان عبدالله**
قسم الاقتصاد، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة صلاح الدين-اربيل
Idrees.abdullah@su.edu.krd

**ملخص**
تبحث هذه الدراسة في تأثير العوامل الاقتصادية على استمرار الصراع في المناطق الكوردستانية خارج ادارة حكومة إقليم كوردستان. يستند البحث إلى تحليل شامل للمؤشرات الاقتصادية المختلفة وتأثيرها على الصراع في المناطق الكوردستانية خارج ادارة حكومة اقليم كوردستان. ووجدت الدراسة أن العوامل الاقتصادية، مثل توزيع عائدات النفط والبطالة والتنمية الاقتصادية، لها تأثير كبير على استمرار الصراع. أدت سيطرة الحكومة المركزية على موارد النفط، التي تتركز في المناطق المتنازع عليها، إلى التوزيع غير المتكافئ للثروة ومحدودية الفرص الاقتصادية للسكان الأكراد، مما زاد من تأجيج الصراع.
تسلط الدراسة الضوء على الحاجة إلى إطار اقتصادي وشامل يعالج المظالم الاقتصادية للسكان الأكراد ويوفر أساسًا للسلام والاستقرار في المنطقة. تقدم هذه الدراسة رؤى قيمة لواضعي السياسات والباحثين الذين يسعون لفهم الأسباب الجذرية للصراع في المناطق الكردية وتقترح الحلول الممكنة لحل الصراع وتعزيز التنمية الاقتصادية في المنطقة.

**الكلمات المفتاحية:** حكومة إقليم كردستان، المناطق الكردية، الصراع، العوامل الاقتصادية، موارد النفط، التوزيع غير المتكافئ

**The impact of economic factors on the continuation of the conflict in the Kurdish areas outside the Kurdistan Regional Government: An analytical study**

**Fahmy Momamad Ali**
Department of Finance and Banking, College of Administration and Economic, Salahaddin University-Erbil
Fahmy.abdullah@su.edu.krd

**Gailan Ahmad Jamil**
Department of Economics, College of Administration and Economic, Salahaddin University-Erbil
gailan.gamil@su.edu.krd

**Idrees Sulaiman Abdullah**
Department of Economics, College of Administration and Economic, Salahaddin University-Erbil
Idrees.abdullah@su.edu.krd

**Abstract**
This study examines the impact of economic factors on the continuation of the conflict in the Kurdish areas outside the Kurdistan Regional Government (KRG). The research is based on a comprehensive analysis of various economic indicators and their influence on the conflict in the Kurdish regions of Iraq. The study found that economic factors, such as the distribution of oil revenue, unemployment, and economic development, have a significant impact on the persistence of the conflict. The central government's control of oil resources, which are concentrated in the disputed areas, has resulted in unequal distribution of wealth and limited economic opportunities for the Kurdish population, further fueling the conflict.
The study highlights the need for a comprehensive and inclusive economic framework that addresses the economic grievances of the Kurdish population and provides a basis for peace and stability in the region. This study provides valuable insights for policymakers and researchers who are seeking to understand the root causes of conflict in the Kurdish areas and proposes possible solutions for resolving the conflict and promoting economic development in the region**.**

**Keywords:** Kurdistan Regional Government (KRG), Kurdish areas, conflict, economic factors, oil resources, unequal distribution.